



ANFAL GENOCIDE THE HOLOCAUST

ئەنفال جینۆساید هۆلۆکۆست

# بەراوردێکی شیکاری لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هۆلۆکۆست



نووسینی: تەها سلێمان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# بەراوردێکی شیکاری لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هۆلۆکۆست





تەها سلێمان

**بە کورتی**

ئاسان نییە دەست بۆ کارێک بەریت لەسەر «دوو تاوانی جینۆساید لە دوو شوێن و جوگرافیا و ژینگەی جیاوازدا، دوو کات و مێژووی جیاواز»، لەلایەن دوو دەسەڵات و دوو رژێمی جیاواز، کە بە دوو فەلسەفە و دنیابینیی جیاواز بەڕێوەچووبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەستی بۆ نەبەین و هێندەی ئەوەی توانامان بەسەریدا دەشکێت کاری تێدا نەکەین.

لەم سۆنگە و باوەڕەشەوە، ئێمە دەستمان بۆ ئەم کارە برد و پشتمان بە کۆمەڵێک سەرچاوەی باش و جۆراوجۆر و دوو سەردانی مەیدانی بۆ گەورەترین سەربازگەی جینۆسایدی جولەکە لە پۆڵۆنیا «ئاوشفێتز»و تەواوی ئەو زانیارییانە کە تایبەت بە پەلامارو تاوانی ئەنفالن وەک یەکێک لە وێستگە دیارەکانی تاوانی جینۆساید دژبە گەلی کورد بەست.

کارەکە ئاسان نەبوو، بەڵام دەستبەردار نەبووین و لە نیوەی ڕێگەدا بەجێمان نەهێشت، بەڵکو لە گەڵیدا ڕۆیشتین و سەرەنجام ئەمەی بەردەست خوێنەرانی لێ هاتە بەرهەم.

دەبێت ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە لە دوا سەرفەرماندا بۆ پۆڵۆنیا لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چەند سیمینار و دیدار و کۆبوونەوە و سەردانێکی «ئاوشفێتز»مان وەک گەورەترین سەربازگەی جینۆسایدی جولەکەکان کرد و یەکێک لە ئامانجەکانم ئەوەبوو کارێکی لەم شێوەیە بکەم، ئەمەش دەبێتە بەشێکی تری هەوڵەکان بۆ ناساندنی تاوانەکانی جینۆسایدی ڕژێمی بەعس دژبە گەلەکەمان.

## ناساندنی چەمکی جینۆساید

ناساندنی کۆمەڵکوژیی یان قڕکردن بە (جینۆساید) و بەرکارخستنی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بۆ یەکەمجار لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە هاتە کایەوە، کە تێیدا گرنگترین ماف کە مافی بوون و ژیانە، لە بەندی سێیەمی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا لە ساڵی ١٩٤٨ پێداگیریی لەسەر کراوە بۆ هەندێک گروپ و نەتەوە و کۆمەڵ.

زاراوەی جینۆساید (Genocide)لە دوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەمیان (Genos)ی یۆنانی بە واتای ڕەگەز و دووەم (cide)ی یۆنانییە یان (caedere)ی لاتینی، واتای کوشتن دەگەیەنێت بەسەریەکەوە، مانای پاکتاوی ڕەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە چەمک و ماناکەیدا هەڵگر یاخود مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ یان قڕکردنە.

بۆ یەکەمینجار و یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی «جینۆساید»ی بەکارهێنا و جێگیری کرد (RafalLemkeln) بوو کە بە ڕەچەڵەک «پۆلۆنی» بوو، هاوکات هەڵگری ڕەگەزنامەی «ئەمریکایی» بوو، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە پلەی ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێ بەخشرابوو. ڕەنگە ئەوەی زیاتر وای لەو زانایە کردبێت کە بیر لەو زاراوەیە بکاتەوە بەوەی کە بە دیارترین تاوان یان تاوانی تاوانەکان پێناسەی بکات و بیناسێنێت، بەدەر لەوەی کە خۆی شارەزای ئەو بوارە بووە، ئەوە بووبێت کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتنە دەستی «نازییەکان» کۆمەڵکوژکران.

ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەیاسای ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو، دڵنیای کردەوە لەسەر بنەماکانی نێودەوڵەتی کە دادگای «نوێرنبێرگ» دانی پێدا ناوە و داوای دەستنیشانکردنی گشت بنەماکانی کرد کە دانی پێدا ناوە



سەرچاوە Serchawe

لە«میامی» و دادگای «نوێرنبێرگ».

لەهەمان کاتدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دڵنیاییدا کە جینۆساید لەناوبردنی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ و لەناوبردنی مافی ژیانی تاکەکانە لە هەموو توخم و رەگەزەکانی مرۆڤایەتی و لەم بارەیەشەوە رێکەوتننامەیەک دەربارەی جینۆساید کرا، لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥١ کە ١١٠ دەوڵەت رەزامەندییان لەسەری دەربڕی و لە پێشەکیی رێکەوتننامەکەدا دەستنیشانی بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە لە رێکەوتی ١١ - ١٢- ١٩٤٨ کە تیایدا هاتووە: «جینۆساید تاوانە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە و پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها جیهانی شارستانی حاشای لێکردووە».

هەتا ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەک مەرجێکی سەرەکی و پابەندکەر لەسەر شانی دەوڵەتەکان دادەنرێت.

لە ساڵی ١٩٥٠ لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە سەربە نەتەوەیەکگرتووەکانە، پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیی دارشت کە پێناسە و شیکردنەوەی بۆ کراوە لە یاسای «نوێرنبێرگ»و ریزبەندیی بۆ تاوانی جینۆساید کردووە، کە لە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کراوە، وەک تاوانێک کە بکەر و ئەوانەی کردوویانە سزای یاسایی دەدرێن بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و لەو پرەنسیپانەش کە باس لە جینۆساید دەکات، وەکو تاوانێکی سەربەخۆ و دژبە کۆڕو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێوەر و پێوانانەی کە لە پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاریی جینۆسایددا هاتوون لە «٩»ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بە ژمارە (٢٦٠) بڵاوکراوەتەوە، دەتوانین کۆی تاوانەکانی دژبە گەلی کورد وەک «ئەنفالی ١٩٨٨، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی و راگواستنی فەیلییەکان، راگواستنی پشدەر و دەوروبەری، بۆمبارانکردنی قەڵادزێ، راگواستنی سەید سادق، راگواستنی مەخمور، راگواستنی کەرکوک و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردوگای زێوێ، کۆمەڵکوژیی ئەشکەوتی دەکان» و زۆری تر، لە نوێترینیان «کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی و قەزای شنگال و دەوروبەری و کریستیان و شەبەک» بە جینۆساید بناسێنین، بەپێی مادەی «٢»ی ئەو پەیماننامەیە کە بەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەکات:

«جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، رەگەزیی و ئاینی بەڕێوەدەچێت:

١- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

٢- گەیاندنی زیانی گیانی یا رۆحی ترسناک بە ئەندامانی گروپەکە.

٣- بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی.

٤- پێشگرتن لە زاوزێکردن (منداڵ بوون) لە نێو گروپەکەدا.

٥- دابڕاندنی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەو گروپە بۆ گروپێکی تر«جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان».

ئەگەر سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی پێناسەکە بۆ جینۆساید لێکبدرێتەوە، بەتەواوی و بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرجەم ئەمانە لە شاڵاوەکانی دژبە گەلی کورد لە کوشتن و لەناودان و کردنی تاوان، کە لە سەرەوە باسمانکرد و ناومان هێنا، بەرامبەر بە گەلی کورد دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

هەروەک لە مادەی «٣»ی رێککەوتننامەکەدا باس لەو تاوانانە دەکات کە دەکرێن و پێویستە بکەر و ئەنجامدەرانی سزای یاسایی خۆیان وەربگرن، ئەوانەش ئەم کاراکتەرانەن:

١- پلاندانان بۆ کردەی جینۆساید.

٢- سەپەرشتیکردن و هاندان بۆ جینۆساید.

٣- هەوڵدان بۆ کردنی جینۆساید.

٤- پیلانگێڕیی لە چوارچێوەی جینۆساید.

بە کورتی و بە پوختی، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە (٩٦) بوو لە ١١ - ١٢ - ١٩٤٦ دەرکرا، سەبارەت بەوەی کە جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤە و زۆر ترسناکە و لە دژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە پشت بە بەندی (شەشەم)ی بنەماکانی دادگای «نوێرنبێرگ» دەبەستێت، کە جینۆساید واتە رەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هەروەک چۆن نیشانەی رەتکردنەوەی ماڤی بوونی ژیانە، ئەویش رەتکردنەوەی دانپێدانانە بە مافی بوون و سووکایەتی کردنە بە سەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی بەرهەم دەهێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەم بارەیەوە دادگای نێودەوڵەتی «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» لە ٢٨ - ٥ - ١٩٥١ دا کە هۆکاری دانانی ئەو پەیماننامەیە ئامانجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە جینۆساید مەحکوم بکات و سزای بخاتە سەر وەک تاوانێک لە یاسای نێودەوڵەتیدا. کەواتە جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزکیی کۆمەڵێک خەڵکی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئایینی و ڕەگەزیی نییە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆسەر کۆی مرۆڤایەتی.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەیان وێستگەی کردەوەی جێنۆساید «کۆمەڵکوژی و تاوان» هەن، ڕەنگە دروست بێت لێرەدا ئاماژە بە چەند وێستگەیەکیان بکەین لەوانە: «جینۆسایدی هندیە سوورەکان کە لەکۆی زیاتر لە «٥٠» ملیۆن بۆ «٩٠» ملیۆن کەس ئێستا لە سەرتاسەری جیهان نزیکەی «٤ بۆ ٥» ملیۆن کەسیان لێ ماوەتەوە، یان هۆلۆکۆست کە جینۆسایدی جولەکەکانە چەندین ملیۆن کەسیان لەلایەن نازییەکانەوە لێ کۆمەڵکوژ کراوە، بۆ نموونە تەنها لە پۆلۆنیا و لە شاری «ئاوشفێتز» زیاتر لە یەک ملیۆن کەسیان لێ کۆمەڵکوژ و بە سەدان هەزاریان لێ کەم ئەندام کراوە، ئەمە جگە لە شوێنەکانی تری وەک «ئەڵمانیا و سوید و نەمسا»و...هتد.

هێرشی ئەتۆمی بۆ سەر هێرۆشیما و ناکازاکی یان جینۆسایدی هێرۆشیما و ناکازاکی کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆسەر وڵاتی ژاپۆن کراوە، زیاتر لە «١٤٠» هەزار کەس لە هێرۆشیما، ٨٠ هەزار کەس لە ناکازاکی بوون بە قوربانی. یان جینۆسایدی ئاشورییەکان لە عیراق کە ژێدەر و سەرچاوەکان ئاماژە بە کۆمەڵکوژکردنی زیاتر لە «٦٠٠» ئاشوری دەکەن لە سەرەتای سالآنی سییەکاندا، تەنها لەبەر هۆکاری ئایین و زمان و جیاوازییان. یان جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەساڵی ١٩١٥ و دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە خۆی لە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو دەدات.

هەروەک لە مانگی ٣ و ٤ - ١٩٩٤ کۆمەڵێک لە سەرکردەی توندڕەو لە کۆمەڵەی «هۆتو»، کە نوێنەرایەتیی زۆرینەیان لە ڕواندا دەکرد، شاڵاوی کۆمەڵکوژیی «جینۆساید»یان لە دژی کەمینەی ئەو وڵاتە «توتسی» دەستپێکرد و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە «١٠٠» ڕۆژی تێپەڕنەکرد، نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەسیان کوشت و بە هەزاران ئافرەت ڕوو بەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی بوونەوە.

کۆمیتەی دەنگی ویژدان کە سەربە مۆنۆمێنتی هۆلۆکۆستە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕۆشنایی خستە سەر کۆمەڵکوژیی «جینۆساید» لە ڕواندا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەفریقا.

ئەمانەو چەندین وێستگەی تری جینۆساید لە جیهان و وڵاتاندا بەڕێوەچووە کە بە ملیۆنان مرۆڤی لە دوو توێی ئامانجەکانی خۆیدا کردۆتە قوربانی.

دیاریشە گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی بۆتە قوربانیی سیاسەتی جینۆسایدی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بەدرێژایی مێژوو.

لە عیراقدا «باشووری کوردستان» جگە لە ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار خێزان لە شار و شارۆچکەکانی «کەرکوک، خانەقین، موسڵ، شنگال، بەدرە و جەسان، خوورماتوو» و تێکوپێکدانی هەزاران گوند، دیارترین و ترسناکترین وێستگەکانی جینۆساید ئەمانەی خوارەوە بوون: «ئەنفال و جینۆسایدی بارزانییەکان کە زیاتر لە هەشت هەزار کەسیان لێ جینۆساید کرا. جینۆساید و دەربەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان کە بە سەرووی ٥٠٠ هەزار کەس ئەژمار و تۆمارکراون، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە جگە لە جینۆسایدکردنی پێنج هەزار کەس، بە هەزارانی تریشی کەم ئەندام کرد. شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ کە «١٨٢» هەزار مرۆڤی زیندەبەچاڵ و جینۆسایدکرد، ئەمە جگە لە چەندین شاڵاوی تری جینۆساید کە قوربانییەکانی بە دەیان هەزار ئەژمار و تۆمارکراون.

لە باکوری کوردستانیش تەنها لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٨ لە «١٢» ناوچەی کوردنشین ٨٢٤٣ گوند خاپوور و وێران کراون و ١٣٧٨٨ کەسیش جینۆساید کراون.

لە ساڵی ١٩٣٧ «١٠» هەزار هاووڵاتی و لەساڵی ١٩٣٨، ٦٨٦٨ کەس جینۆسایکراون، کە ئەمە بە جینۆسایدی «دەرسیم» ناوبانگی دەرکردووە. ئەمە جگە لە جینۆسایدی «خاک و کەلتورو زمان» کە لە ١٩١٤ەوە بۆ ئێستا بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامە بۆدارێژراو بەردەوامیی هەیە.

لە سوریاش «ڕۆژئاوای کوردستان» لە ساڵی ١٩٤٦ەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک جینۆسایدی گەلی کورد دەستپێکردووە، بۆ نموونە هەر لەو ساڵەدا «١٥٠» هەزار کورد بە بێگانە لە قەڵەمدران و ناسنامەیان لێ سەندرایەوە و لەساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٥٨ یش، «١٥٠٠٠» خێزانی عەرەب هێنرانە ناوچە کوردییەکان و نیشتەجێ کران، ئەمە جگە لەوەی ٩٠%ی خێزانە کوردەکان ناسنامەی کوردبوونیان لێ وەرگیراوەتەوە و بە زۆر کراون بە عەرەب، بۆ نموونە لە پارێزگای جەزیرەدا «٢٠٠» هەزار کورد ناسنامەی نەتەوەییان لێ دەسەنرێتەوە، هاوکات بە بیانووی پشتێنەی ئەمنیی سنوورەوە «٦٠» هەزار کوردی تر بێناسنامە دەکرێن، بە هەزاران جووتیاری کورد لە گوندەکان بە زۆرەملێ هەڵکەندراون و ڕاگوێزراون و شوێن و

جێگاکانیان بە عەرەب پڕ کراوەتەوە.

دیارە مێژووی حوکمڕانیی دەسەڵاتە جیاجیاکانی ئێرانیش لەوانە کەمتریان نەکردووە بەدرێژایی دروستبوونی بزاوتی رزگاریی نەتەوەیی کوردستان و لە قۆناغە جیاجیاکاندا بە دەیان هەزار کورد بوونەتە قوربانی و هەزاران ناوچە بەزۆرەملێ گۆڕینی دیموگرافیی تێدا کراوە.

### تاوانەکانی بەعس دژ بە گەلی کورد

رژێمی بەعس لە دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٣ەوە، بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامە بۆ دارێژراو، بەردەوام تاوانی یەک لە دوای یەکی دژ بە نەتەوەی کورد لە سەرخاک و نیشتمانەکەی خۆی بەڕێوەبردووە، کە دروستە بە پێی هەموو ژێدەر و سەرچاوە مێژووییەکان بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین و بیریان بخەینەوە:

١٦ی ئەیلول ١٩٦٩ تاوانکاریی دژبە گوندی سۆریای مەسیحی نشین، ١٨ - ٨ - ١٩٦٩ تاوانکاریی دژ بەو خانەوادانەی لە ترسی کوشتن روویان لە ئەشکەوتی دەکان کردبوو. ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ تاوانی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێی سنووری پارێزگای سلێمانی بەچەکی ناپاڵم/ی قەدەغەکراو، ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨١ دەستپێکی تاوانی جینۆساید دژ بەکوردە فەیلییەکان لە عیراق کە جگە لە کوشتنی زیاتر لە ١٥ هەزار کەس، ئاوارە و دەربەدەرکراوەکانی ئەم پەلامارە بە نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت کە تۆمارکراون، ٣١ - ٧ - ١٩٨٣ تاوانی جینۆساید دژ بە ناوچەی بارزان و بارزانییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر کە زیاتر لە ٥ بۆ ٨ هەزار هاووڵاتی لێ کۆمەڵکوژ و جینۆسایدکردن، ٩ - ٦ - ١٩٨٥ تاوانی کیمیابارانکردنی ئۆردگای ئاوارەنشینی کورد لە سنووری «ئێران - عیراق» کە لە ترسی کوشتن و قڕکردن هەڵاتبوون و سەدان قوربانیی لێکەوتەوە، ١٦ - ٣ - ١٩٨٨ تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە جگە لە خاپورکردن و تاڵانکردنی شارەکە و بریندار بوونی هەزاران هاووڵاتی، زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە پیرو گەنج و منداڵ و ژن کۆمەڵکوژ و قڕکران، نوێترین تاوان و ترسناکترین تاوان پەلامار و زنجیرە شاڵاوەکانی ئەنفال بوو کە بە لوتکەی تاوانەکانی جینۆساید دژبە گەلی کورد لە مێژووی حکومڕانیی بەعسدا ئەژمار دەکرێت.

ئەمە جگە لە چەندین تاوانی دیکەی وەکو راگواستن و بە عەرەبکردنی ناوچەیەکی بەرینی شار و شارۆچکە و گوند و خاکی کوردستان کە بەدرێژایی ١٣٠٠ کیلۆمەتر لەخۆ دەگرێت و بەشێک لە سنووری قەزای خانەقین و کفری و خورماتوو، پارێزگای کەرکوک و دەوروبەری، قەزای مەخمور و دەوروبەری لە سنووری پارێزگای هەولێر، قەزای شنگال و باشیک و

شێخان و سمێل و دەوروبەریان لە سنووری پارێزگای موسڵ و دهۆک».

## تاوانی ئەنفال

بە وردبوونەوە و پشکنینی بەڵگەنامەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری و حکومڕانیی حزبی بەعس لە عیراق، ئەوەمان بۆ دەسەلمێت، کە هەر هەشت قۆناغ و پەلامارەکانی تاوانی ئەنفال لە ٩ - ٢ - ١٩٨٨ تا ٦ - ٩ - ١٩٨٨ی خایاندووە و لەلایەن رژێمی بەعسی عیراقەوە کراوە، ئەمەش راستییەکی گرنگمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەعس پێشوەخت پلان و نەخشەیەکی تۆکمەی بۆ تاوانەکە دارِشتووە و هەموو ئامادەباشییەکیشی کردووە بۆ تاوانەکە.

بۆ زانینی ئەو راستییە دیکیۆمێنتێکی گرنگ و ترسناکمان لەبەردەستە ئەویش نووسراوێکی رەسمیی «عەلی حەسەن مەجید» ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس و سکرتێری نووسینگەی رێکخستنی باکووری ئەو حزبە بووە، واتا بەرپرسی رێکخستنەکانی بەعس بووە لە کوردستان، کە پێشووتر بە نووسراوێکی سەرکردایەتی حزبەکەی ژمارە «١٦٠» بە هەموو دەسەڵاتێک و بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرووی خۆی وەک بەرپرسی یەکەم بۆ ناوچەی کوردستان دانراوە.

ئەم نووسراوەی عەلی حەسەن مەجید لە رۆژی ٢٠ - ٦ - ١٩٨٧ وەک بڕیاری ٤٠٠٨ و ژمارە «٢٨ - ٤٠٠٨» ناسێنراوەو لە ناو میدیا و توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری تاوانەکانی جینۆسایددا بە «مانیڤێستی تاوانی ئەنفال» ناسراوە یان دەناسێنرێت و ئەمەی خوارەوە ناوەڕۆکی بڕیارەکەیە وەک خۆی:

لەبەرئەوەی ماوەی رەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانە لە رێکەوتی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کۆتایهاتووە، بڕیارماندا لە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەستبەکار بین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەموو گوندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە رووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بە کرێگیراوی ئێران و تێکدەران و خائینزادەو نموونەکانیانن کە خیانەتکارانی عیراقن.

٢- بە تەواوی قەدەغەیە خەڵک و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بەبێ مەرج و بەبێ رێنمایی، مەگەر رێنمایی تر دەربچێت لەلایەن بارەگاکەمانەوە.

٣- هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرە و لێرەوە بۆ ئەوێ یان کشتوکاڵ و تۆوکردن و پیشەسازیی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لە سەر دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دواداچوونی جددییان لەم بارەوە هەبێت و هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی.



سەرچاوە
Serchawe

٤- سەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناوبەناو بە تۆپ و فرۆکە و سەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەو و بە رۆژ بخەنەکار بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.

٥- حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیردەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە و حوکمی سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ زیاترە هەتا ٧٠ ساڵ، دوای سوودوەرگرتن لەو زانیارییانەی پێیانە و ئاگادارمان بکەنەوە.

٦- ئەرکی دەزگا پەیوەندیدارەکانە کە لێکۆڵینەوە بکەن لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن لە دەزگا حکومییەکان و حزبیەکاندا بۆ ماوەیەک کە ئەوپەڕی یەک هەتا سێ رۆژ بێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت، ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان بروسکە رەزامەندیی ئێمە وەربگرن، لە رێی هەڤاڵ «تاهر ئەلعانی» یەوە.

٧- هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت، تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئیسناد و چەکی مام ناوەندی نەبێت، چەکە سووکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە و تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن.

پێویستە لەسەر فەرماندەی جەحافلەکان چالاک بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکانیان و مەفرەزەکانیان و بەوردی ئێمە ئاگاداربکرێینەوە لەچالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی.

سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مەجلیسی تەنفیزی، دەزگای هەواڵگریی، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان «نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک، رازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی گشتی، بەڕێوەرایەتیی ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حوکمی زاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی «نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک». تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەر کەسەو بە پێی تایبەتمەندێتی خۆی.

## جیاکردنەوەی کات و شوێنی دەستپێکردنی تاوانەکە

### قۆناغی یەکەم

### ٩- ٢ - ١٩٨٨ تا ٢٣ - ٢ - ١٩٨٨

قۆناغی یەکەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، بە پێی بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوان لە عیراق، لە ناوچەی «سەرگەڵو، بەرگەڵو» لە ٩ - ٢ - ١٩٨٨ تا ٢٣ - ٢ - ١٩٨٨ بەڕێوەچووە، واتە ٢٣ - ٢ کۆتایی شاڵاوی قۆناغی یەکەمی تاوانەکەیە، لەکاتێکدا بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە نەڕۆیشت و تا ڕۆژی ١٧ - ٣ - ١٩٨٨ی خایاند. شوێنی تاوانەکە ناوچەی «سەرگەڵو، بەرگەڵو» ناوچەیەکی شاخاوییە و دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی سورداشی سەر بە قەزای دوکانەوە و گوندەکانی ئەم سنوورە لە «١٥٠» گوند پێکدێت و ناوچەیەکی شاخاویی و سەختە، ئەم هێزو یەکانەی خوارەوە بە سەرکردایەتی تاوانبار «سوڵتان هاشم ئەحمەد» بەشدارییان لەم تاوانەدا کردووەو ئەمەش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە پشتڕاست کراونەتەوە. بۆئەوەی هیچ گومان یان دڕدۆنگییەک نەخرێتە سەر ڕاستیی قسەکردن لەم لایەنەی ئەم تاوانە، بەڵگەنامەکانی دادگا وەک خۆیان دادەنێینەوە.

قۆناغی یەکەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، بە سەرکردایەتی تاوانبار «سوڵتان هاشم ئەحمەد» بەڕێوەچوو ئەم یەکە سەربازییانە بەشدارییان تێداکرد، لە ژێر چەتری فەیلەقی یەکەمی سوپادا:

- فیرقەی زەمینی «٣٨»، هێزەکانی «عومەر عەبدلعەزیز» کە پێک هاتبوون لە «لیوای زەمینی ١٨، لیوای زەمینی ٤٨، لیوای زەمینی ١٣٠، یەکەی تۆپهاوێژ و فەوجی مغاویر».
- فیرقەی ئالی هێزەکانی «محەمەد قاسم» کە پێکهاتبوون لەم یەکانەی خوارەوە «لیوای پیادەی ٢١ و ١٥ و ٢٠ و لیوای زرێپۆش ٢».
- فیرقەی زەمینی دووەم، «هێزەکانی موسەننا»، کە پێکهاتبوون لە «لیوای پیادەی ٢٢، لیوای پیادەی ٤٨، لیوای پیادەی ٤٤».
- سێ لیوای گاردی کۆماری بە چەکی پێشکەوتوو پێداویستی تەواوەوە.
- هێزەکانی بەدر.
- فیرقەی زەمینی چوارەم، «قەعقاع».

- فیرقەی ٣٣
- هێزەکانی موعتەسەم
- چەندین یەکەی تر وەک «یەکەی کیمیایی، یەکەی فڕۆکەوانی، هێزی ئاسمانی، یەکەی شەڕکەر لە فیرقەی پێنج، یەکەی ئەندازەیی بۆ تێکدانی گوندەکان، یەکەی ڕێگاوبانی سەربازی، یەکەی هەواڵگری سوپا».

هەریەک لە «بەڵگەنامەکان بڕیاری ژمارە «١٦٠» ٢٩ - ٣ - ١٩٨٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش و بڕیاری ژمارە «٤٠٠٨» ٢٠ - ٦ - ١٩٨٧ی نووسینگەی باکوور «کوردستان» لەلایەن عەلی حەسەن مەجید، هەروەها چەندین بەڵگەنامەی تری سەربازیی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان و ئەرکانی سوپا، لەگەڵ چەندین تۆماری دەنگی و بەڵگەنامەی تری تایبەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و قەدەغەکراو، هاوکات بەڵگەنامەکانی هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژهەڵات کە لەلایەن هەواڵگریی سەربازییەوە بەڕێوەدەبرا، هەروەها بەڵگەنامەیەکی تر بەناونیشانی «ش ٣، ق ٢ - ١٢٢، لە ڕێکەوتی ١ - ٣ - ١٩٨٨ لەلایەن ڕێکخراوی هەواڵگریی ڕۆژئاواوە کە لەلایەن تاوانبار «فەرحان موتڵەگ جبوری» واژۆکراوە و بۆ بەشی هەواڵگریی شوعبەی سێیەم نێردراوە و روونکراوەتەوە کە تەنها لەم قۆناغەدا نزیکەی «١٢١٠٠» دوانزە هەزارو سەد کەس بەهۆی چەکی کیمیاییەوە کوژراون یان بریندار بوون لە قۆناغی یەکەم و دووەمی شاڵاوەکەدا».

ئەو بەڵگانەی سەرەوە و دانپێدانانەکانی هەریەک لە «عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم ئەحمەد، حسێن ڕەشید تکریتی، سابیر عەبدولعەزیز ئەلدووری، فەرحان موتڵەگ جبوری، تاهیر تۆفیق ئەلعانی»و هاوکات سکاڵاکار و شایەتحاڵەکانی تاوانەکە، تاوانی قۆناغی یەکەمی شاڵاوەکانی ئەنفال پشتڕاست کراوەتەوە.

بەشێکی تر لە بەڵگەنامەکانی سەلماندنی قۆناغی یەکەمی تاوانی ئەنفال، ڕاپۆرتێکی شارەزایانی نێودەوڵەتییە، کە لەو ڕاپۆرتەدا بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە ٣٠ - ١١ - ٢٠٠٦ خولی «٢٦»ی دانیشتنەکان روونکراوەتەوە و هاتووە»:

**یەکەم**: دۆزینەوەی ١٢٣ڕوفات کە هەموویان بە فیشەک کوژرابوون.
**دووەم**: دەستنیشانکردنی ٢٥ ڕوفاتی ژنان.
**سێیەم**: دەستنیشانکردنی ٩٨ ڕوفاتی ژن.
**چوارەم**: ٩٠%ی ڕوفاتەکان منداڵ بوون لە خوارتەمەنی ١٣ ساڵییەوە.



سەرچاوە
Serchawe

شارەزایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگای روونکردوەتەوە کە «٦٩% قوربانییەکان چاویان لە دەستدابوو، ٦٩% لە سەریان درابوو، ٧٢% لە بڕبڕەی پشتیان درابوو، ٦٦% لە دەست و قاچیان درابوو»، هەروەک شارەزاکە بۆ دادگاشی روونکردۆتەوە کە لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکەدا، چەندین ناسنامە و بەڵگە دۆزراونەتەوە کە هی دانیشتوانی گوندە بەرکەوتووەکانی قۆناغی یەکەمی شاڵاوو تاوانی ئەنفال بوون.

بەم شێوەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، شاڵاوی قۆناغی یەکەمی پەلاماری ئەنفال دەستپێیکرد و تاوانەکە کراو دواتریش وەک دەستپێکی دۆسێکە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق پشتڕاست کرایەوە و سەلمێنرا.

### قۆناغی دووەم

### ٢٢ - ٣ - ١٩٨٨ تا ١ - ٤ - ١٩٨٨

قۆناغی دووەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، لە ٢٢ - ٣ - ١٩٨٨ تا ١ - ٤ - ١٩٨٨ لە ناوچەی قەرەداغ بەڕێوەچووە، ئامانج لە ستراتیژی قۆناغی دووەمی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەی قەرەداغ، جێبەجێکردنی بەشی دووەمی پلانەکە بووە، قەرەداغیش بە درێژایی مێژوو بۆ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق ناوچەیەکی سەخت بووە، لە هەمانکاتدا شوێن و جێگەی بەشێکی بەرچاو لە شۆڕش و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بووە، خەڵکەکەشی هەمیشە نەیانویستووە تەسلیم بە زوڵم و زۆرەکانی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق ببن. قۆناغی دووەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال بە سەرکردایەتی لیوا روکن «ئەیاد خەلیل زەکی» سەرکردەی فەیلەقی دوو بووە، کە بە قواتی «یەرموک» ناسراو بووە، هەر بەپێی بەڵگەنامەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق چەندین یەکەی تری سەربازی و هەواڵگریی و ئەمنی بەشدارییان کردووە، کە بەوردبوونەوە لە بەڵگەنامەکان بۆمان روون دەبێتەوە.

ئەو هێزانەی بەشدارییان لە شاڵاوەکانی قۆناغی دووەمی تاوانەکانی ئەنفالدا کردووە ئەمانەی خوارەوە بوون:

**یەکەم:** فیرقەی زەمینی ١٥، هێزەکانی «فارووق» کە لەم یەکانە پێکهاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ٤٣٦

ب- لیوای پیادەی ١٤

ج- لیوای پیادەی ٧٦

د- کەتیبەی تانک

**دووەم**، فیرقەی زەمینی ٣٤ و هیزەکانی «ئەلحارس» کە لەم یەکانە پێکهاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ٥٠٢

ب- لیوای پیادەی ٥٠٤

ج- لیوای پیادەی ٩٠

د- کەتیبەی تانک

**سێیەم**، فیرقەی سێیەمی زرێپۆش، «هێزەکانی سەلاحەدین» کە لەم یەکانە پێکهاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ٨

ب- لیوای زرێپۆشی ١٢

ج- لیوای زرێپۆشی ٦

د- فەوجی مغاویر

**چوارەم**، فیرقەی «٥٠» بە سەرکردایەتی «زهێر یونس عەلی».

**پێنجەم**، سەرکردایەتی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی»، «جەحافل» فەوجەکانی جاش» بە سەرکردایەتی عەمید روکن «سەعد شەمسەدین»

**شەشەم**، ئامرییەی هێزەکانی یەکەم

**حەوتەم**: ئامریەی هێزەکانی «جەحافل» جاش - ٣

**هەشتەم**، فەرماندەیی هێزەکانی قەرەداغ

**نۆیەم**، هێزەکانی ئامادەی سلێمانی

**دەیەم**، یەکەی کیمیایی

**یانزەیەم**، فرۆکەی سوپا



سەرچاوە
Serchawe

**دوانزەیەم:** هێزی ئاسمانی

**سیانزەیەم:** بەشی ئەندازەیی راسپێردراو بە تێکدانی گوندەکان

**چواردەیەم:** بەشی کردنەوەی رێگاوبانی سەربازی

**پانزەیەم:** یەکەی هەواڵگریی سەربازی

لە ۲۲ - ۳ - ۱۹۸۸ هێزە سەربازییەکانی رژێمی بەعس دەستیان بە جووڵەکرد، سەرەتای ئامانجە سەربازییەکانیان بە گرتنی چواردەوری ناوچەکە «قەرەداغ» بوو، بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی «حسێن رەشید تکریتی»، پلانە سەربازییەکەیان لەم قۆناغەی ئەنفال «دووەم»دا بە بۆمبارانی سەختی فڕۆکە جەنگییەکان دەستی پێکرد، کە رێک لە سەعات ٦:٣٠ ی ئێوارەی رۆژی ۲۲ - ۳ - ۱۹۸۸ بوو، ئەم گوندانەی گرتەوە «گومەتە، هەستەوی، کۆشکی سەروو، تەکیە، بەلەکجاڕ، سێوسێنان»، دوای بۆمباران و لێدانیان بە کیمیایی، پاشان بە تۆپی دوورهاوێژ و راجیمە بە کیمیایی لەو گوندانەی باسمان کرد درا، لە ۲۹ - ۳ - ۱۹۸۸ هێرشی زەمینی سوپا دەستی پێکرد بۆ ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان و لە هەموو قۆڵەکانەوە، بە هاریکاریی فڕۆکە و هێزی ئاسمانی و تانک و زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژ و راجیمە.

دانیشتوانی ناوچەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەری بوون بە سێ بەشەوە، بەشێکیان بەرەو ناوچەی گەرمیان و بەشێکی تریان خۆیان رادەستی هێزەکانی سوپا کرد و بەشەکەی تریش بە شێوەی نهێنی خۆیان گەیاندە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری.

لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، بە پشت بەستن بە چەندین بەڵگەنامە ئەوە پشتڕاستکرایەوە کە لە قۆناغی دووەمی تاوان و شاڵاوی ئەنفالدا:

**یەکەم:** بەشێوەیەکی ئەخشە بۆ دارێژراو چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی لە دژی هاووڵاتیانی سڤیل بەکارهێنراوە و ئەمەش بۆتە هۆکاری کوژرانی چەندین هاووڵاتی لە پیرو گەنج و منداڵ و کچ و ژن.

**دووەم:** کوشتن بەبێ هۆو بەبێ دادگاییکردن

**سێیەم:** دەربەدەرکردنی دانیشتوانی گوندەکان و ناچارکردنیان بە ژیانی سەخت و پڕ کولەمەرگی.

**چوارەم:** گرتن و زیندانیکردن و بێبەشکردن لە ژیان وەک لە زیندانەکانی «تۆپزاوە و دوبز و سلێمانی و نوگرەسەلمان» روویانداوە.

**پێنجەم:** ئازار و ئەشکەنجەدان لەسەر دەستی «حەجاج»و جێگرەکەی «شمخی» لە زیندانی نوگرە سەلمان.



سەرچاوە Serchawe

**شەشەم**: دەستدرێژیکردنە سەریان لە زیندانی نوگرەسەلمان لە پێشچاوی «حەجاج و شەمخی».

**حەوتەم**: چەوساندنەوەی دانیشتووانی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ تەنها لەبەر کوردبوونیان.

**هەشتەم**: بێسەروشوێنکردنی ئەنفالکراوانی قۆناغی دووەمی ئەنفال.

ئەم بەڵگەنامانەش وای لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق کرد، ئەو تاوانەی لە قۆناغی دووەمی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە ناوچەی قەرەداغ کراوە، وەک تاوانی «جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی جەنگ» بە ڕەسمی بناسێنێت و بڕیاری لەسەر بدات.

### قۆناغی سێیەم

### ٧ - ٤ - ١٩٨٨ تا ٢٠ - ٤ - ١٩٨٨

قۆناغی سێیەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، لە ٧ - ٤ - ١٩٨٨ تا ٢٠ - ٤ - ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیان لە سنووری پارێزگای کەرکوک و سنووری شارەکانی «خورماتوو، کەلار، کفری، دەربەندیخان، چەمچەماڵ» و چەندین شارۆچکەی تر، کە هەریەکەیان سەدان گوندیان لە خۆگرتبوو، بەڕێوەچوو.

شارەزایان و پسپۆڕان وای بۆ دەچن پلانی قۆناغی سێیەمی شاڵاوی ئەنفال، پەیوەندیی بە کاتێکی دوورترەوە هەیە، کە ئەویش ڕاستەوخۆ بە توندی گرێدراوە بە گۆڕین ڕاگواستنی دانیشتووانی کوردی ڕەسەنی کەرکوک و شێواندن و تێکدانی یەکە ئیدارییەکانی. زۆرترین یەکەی سەربازیی و هەواڵگریی و ئەمنی بەشدارییان لە قۆناغی سێیەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفالدا کرد، هەروەک قۆناغی سێیەمی شاڵاوەکانی ئەنفال لە سنووری گەرمیان، پەیوەستە بە کاتی ڕاگواستنی پارێزگای کەرکوک، کە بەشێوەیەکی چڕ لەوکاتەدا دەستپێیکردبوو لەلایەن بەعسەوە.

لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، نەخشە و پلانی چۆنێتی بەڕێوەچوونی تاوانەکە و بەشداریی سوپا و یەکە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس وردتر ڕوون دەبێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: هێزەکانی فەیلەقی دووەم، بە سەرکردایەتی فەریقی یەکەم «کامل ساجت» کە لەم یەکە سەربازییانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

ا- فیرقەی پیادەی ١٥

ب- فیرقەی پیادەی ٣٤

ج- فرقەی زرێپۆش ٣

**دووەم**: هێزەکانی فەیلەقی یەک بە سەرکردایەتی «سوڵتان هاشم ئەحمەد» کە لەم یەکە سەربازییانە پێکهاتبوون:

ا- فەوجەکانی جاش بە سەرکردایەتی «سەعد شەمسەدین».

ب- فیرقەی دەیەمی زرێپۆش بە سەرکردایەتی لیوا «خالد ئەلدلێمی».

ج- هێزەکانی پاراستنی نەوت، بە سەرکردایەتی عەمید روکن «بارق عەبدوڵڵا حاجی حەنتە».

د- ئامرییەی فەیلەقی یەک بە سەرکردایەتی لیوا «مونزر ئیبراهیم».

**سێیەم**: بەشی ئەندازە بۆ تێکدانی گوندەکان

**چوارەم**: دەستەی سەرۆکایەتیی هەواڵگریی سوپا سەربە فەیلەق و فیرقەکان.

**پێنجەم**: بەشی کیمیای

**شەشەم**: فڕۆکە جەنگییەکان

**حەوتەم**: هێزی ئاسمانی

**هەشتەم**: یەکەکانی ئەمنی سەربە ئەمنی سلێمانی و کەرکوک.

بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی تاوانەکە لە قۆناغی سێیەمی ئەنفال، یەکەمجار هێزەکانی سوپا لە قەزای «خورماتوو» بە چڕی کۆکرابوونەوە، کە پاشکۆی زیاتری ئەم هێزە کۆکراوەیەش لە «کەرکوک، چەمچەماڵ، سەنگاو» بوون، لە دەستپێکەوە لە بەیانی رۆژی ٧ - ٤ - ١٩٨٨ دەستیان کرد بە جووڵە و تێکرِا لە شارۆچکەی قادر کەرەم یەکیان گرتەوە و کۆبوونەوە.

**هێزی یەکەم**: بەرەو لای باکووری خۆرئاوای «نەوجول» و بە ئاراستەی رووباری «ئاوەسپی» رۆیشتن.

**هێزی دووەم**: بەرەو رۆژئاوا، بە پشتیوانیی فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و سەمتی و بۆمبارانکردنی گوندەکان.

**هێزی سێیەم**: هێرشێکی بەرفراوان و درِندانەیان بۆ گوندی «تازەشار» دەستپێکرد، لەگەڵ لێدانی گوندەکە بە کیمیایی و ئەم هێزە گوندەکانی «کانی قادری سەروو، کانی قادری خواروو، گوندی شێخ حەمید»یان گرت و دانیشتوانەکەیان گرت و هەموو سەروەت و سامانەکانیان بە تاڵان برد.



سەرچاوە Serchawe

هێزی دووەمیش بەرەو گوندەکانی نزیک لە قادر کەرەم لەلای باشووری خۆرئاواوەوە کەوتنە جووڵە و یەکەم گوند کە دەستیان بەسەردا گرت، «ئیبراهیم غولام» بوو، لە پێشاندا دانیشتوانەکەی بەرەو تەپۆڵکەکانی نزیک لە گوندەکە رۆشتن و دواتر خۆیان رادەستی سوپاکە کرد و «٥١» کەسیان لێ شوێنبزر کردن.

لەولاشەوە هێزی سێیەم بەرەو چەمچەماڵ و سەنگاو رۆیشت و هەموو گوندەکانی ناوچەی «چەمچەماڵ و سەنگاو»ی وێران و خاپوور کرد و ئەو خەڵکەش کە دەستگیریکردن یان خۆیان رادەستکردبوو، راپێچیکردن بۆ ناو قەزای چەمچەماڵ و لەوێشەوە بەرەو تۆپزاوە و دوبز و نوگرە سەلمان.

لەم قۆڵەوە دوا گوند «فەقێ مستەفا» بوو کە دەستی بەسەرداگیرا و خاپوور و وێران کرا، کە ئەویش لە ٢٠ - ٤ - ١٩٨٨ بوو.

لەلایەکی تریشەوە هەر تایبەت بە ئەنفالی سێیەم، لە چەند قۆڵێکی ترەوە هێرش و پەلاماری ناوچەی گەرمیان درا، وەک «کفری بۆ بەشێک لە ناوچەی داوەدە، سەرقەڵا بۆ بەشێک لە گوندەکانی داوەدی کوردستان و زەنگنە، کەلار بۆ بەشێک لە گوندەکانی بناری گوندە جاف نشینەکان و گوندەکانی ناوچەی زەنگنە، دەربەندیخان بۆ گوندەکانی بەشێک لە بناری شارۆچکەی سەنگاو»، کە لەکۆتایدا تەواوی گوندەکای سنووری «قەزای چەمچەماڵ، قەزای خورماتوو، قەزای کفری، قەزای کەلار»و شارۆچکەکانی «سەنگاو، قادرکەرەم، پێباز، سەرقەڵا»ی خاپوور و وێرانکرد و زۆرترین خەڵکی بێسەروشوێن کردو لەم سێ رێگەیەوە دەیگواستنەوە:

**یەکەم**: خورماتوو - بۆ تکریت - نوگرە سەلمان ،
**دووەم**: چەمچەمال - بۆ تۆپزاوە و دوبز - نوگرەسەلمان،
**سێیەم**: ملە سوورە - بۆ کەلار و قۆرەتوو - تۆپزاوە و دوبز - نوگرەسەلمان.

لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقدا، بە رەسمی ئەوە سەلمێنراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، کە لە قۆناغی سێیەمی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە سنووری گەرمیان،

**یەکەم**: تاوانی جینۆساید،
**دووەم**: تاوانی دژبە مرۆڤایەتی،



سەرچاوە Serchawe

**سێیەم**: تاوانی جەنگ کراوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی ئەوەی تاوانی جینۆساید کراوە لە قۆناغی سێیەمی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، پشت بە بەڵگەی سەلماندنی «کۆشتنی بەکۆمەڵ، ڕاگواستن، برسیکردن، تینۆکردن، زیندانیکردن، تۆقاندن، ئازاری دەروونی و جەستەیی، جیاکردنەوەی پیاو لە ژن، ڕێگریی لە نزیکبوونەوە و مومارەسەی سێکسی» بەستراوە و هەروەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی پشت بە بەڵگەی «کوشتن بەبێ هۆو بەبێ دادگا، گواستنەوەی بە زۆرە ملێ، زیندانیکردن و بێبەشکردن، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و کچان، چەوساندنەوە، بێسەروشوێنکردنی بە زۆر»، بەستراوە. هەروەک بۆ سەلماندنی پیادەکردنی تاوانی جەنگ، پشت بە بەڵگەی «هێرش و پەلامار بۆسەر گوندەکان و تێکدانی، رووخاندن و تێکدانی قوتابخانە و شوێنە ئاینییەکان، دەرکردنی بڕیار بە دەرکردن و ڕاگواستنی گوندنشینەکان» بەستراوە.

**قۆناغی سێیەمی ئەنفال**. بە یەکێک لە سەختترین پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنرێت، زۆرترین خەڵکی تێدا بێسەروشوێن و کۆمەڵکوژ کراوە، لە رووی جوگرافیشەوە فراوانترین زەوی بەرکەوتووە و زۆرترین گوندی تێدا رووخێنراوە، لە رووی سەروەت و سامانیشەوە زۆرترین سەرەوەت و سامانی هاووڵاتیان بەتاڵان براوە.

## قۆناغی چوارەم

### ٣ - ٥ - ١٩٨٨ تا ٨ - ٥ - ١٩٨٨

قۆناغی چوارەمی شاڵاوەکانی ئەنفال، لە ٣ - ٥ - ١٩٨٨ تا ٨ - ٥ - ١٩٨٨ بەڕێوەچوو، پانتایی جوگرافی و شوێنی ئەم تاوانە «دۆڵی زێی خواروو» بوو، کە ئەم ناوچانەی گرتەوە وەک «ئاغجەلەر، گۆپتەپە، عەسکەر»و ناوچەی «شێخ بزێنی، کۆیە، خەلەکان، دوکان». دوای قۆناغی سێیەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، قۆناغی چوارەم بە پڕ قوربانیترین شاڵاوەکانی ئەنفال ئەژمار دەکرێت، هێز و توانایەکی زۆری ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنراوی تێدا بەکارهات، کاتێک سەرنجی بەڵگەنامەکە و قۆناغی چوارەم تیایدا دەدەین، ئەو راستییە روونتر دەبێتەوە، کە پلانەکە زۆر دڕندانە و بەربەرییانە بووە.

**ئەو یەکە سەربازییانەی بەشدارییان لە قۆناغی چوارەمی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفالدا کردووە، ئەمانەی لای خوارەوە بوون:**



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم:** سەرکردایەتی فەیلەقی یەکەم کە لەمانە پێک هاتبوون:

ا- فیرقەی ٣٨

ب- فیرقەی پیادەی ئالی ٥

ج- فیرقەی پیادەی ٨

د- فیرقەی پیادەی ٢

**دووەم:** هێزی نەسر، بە سەرکردایەتی عەمید روکن «خالید ئەحمەد ئیبراهیم».

**سێیەم:** هێزی «٤٦» بە سەرکردایەتی عەمید روکن «عەلی ئەحمەد محەمەد».

**چوارەم:** هێزی پاراستنی نەوت، بە سەرکردایەتی عەمید روکن «بارق عەبدوڵڵا حاجی حنتە».

**پێنجەم:** ئامرییەی فەیلەقی یەک بە سەرکردایەتی عەمید روکن «عەلاء محەمەد تەها».

**شەشەم:** دەستەکانی هێزی ئامادە، لە سلێمانی و کەرکوک.

**حەوتەم:** دەستەی ئەرکانی هەواڵگریی سەربازی سەربە فەیلەق و فیرقە سەربازییەکان.

**هەشتەم:** یەکەو بەشی کیمیایی.

**نۆیەم:** هەواڵگریی سەربازی.

جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی ئەم شاڵاوەی ئەنفال «قۆناغی چوارەم»، لە ئێوارەی رۆژی ٣ - ٥ - ١٩٨٨ دەستپێیکرد، ئەویش بە سووڕانەوەی فڕۆکەی جەنگی بە شێوەیەکی زۆر نزم بەسەر ئاسمانی گوندی «گۆپتەپە»دا، دوای ئەوە دەنگی «٨» تەقینەوە بە شێوەی دەنگی نزم نەک گەورە و بەرز دەبیسترێت، بە شێوەی یەک لەدوای یەک و دواتر بەرزبوونەوەی دوکەڵی سپی. وەک شایەتحاڵەکان دەگێڕنەوە و باسی دەکەن، بەدوای خۆیاندا تەقینەوەی بۆمبەکان بۆنی سێوی گەنیویان هێناوە و دواتر هەمان دوکەڵ بە شێوەی رەنگاوڕەنگ بەسەر گوندەکەدا بڵاوبۆتەوە.

دوای گۆپتەپە فڕۆکەکان گوندی «عەسکەر» بە چەکی کیمیایی بۆمباران دەکەن، کە زۆرێک لە دانیشتووانی گوندەکە دەبنە قوربانی و بەشێکی زۆریشیان بریندار دەبن و بە برینداره‌کانیشەوە ئەوەی دەمێنێتەوە دەستگیردەکرێن و رۆژی ٤ - ٥ - ١٩٨٨ رەوانەی سەربازگەی «سوسێ» دەکرێن.

بەڵام لە قۆڵی دووەمەوە «تەق تەق» سوپای بەعس شێوازێکی تری بەکارهێنا، ئەویش گرتنی چواردەوری تەق تەق و



سەرچاوە
Serchawe

دەوروبەری بوو، تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد خۆی راستەوخۆ ئەم نەخشەیەی دارِشت، بەوپێیەی نەخشە دارێژەری جەنگی شاخاوییە، هێزەكانی سوپای بەعس لە زۆر لاوە پێشرەوییان كردو یەكەمجار گوندی «شێخ بزێنی»یان خاپوور و وێرانكرد و ئەوەی تێیدا مابوونەوە دەستگیریان كردن.

لە هەمان رۆژدا واتە ٤ - ٥ - ١٩٨٨ یەكە سەربازییەكانی بەعس پێشرەویی زیاتریان كرد بەرەو گوندەكانی ناوچەكە و خێزان و خەڵكێكی زۆریان كەوتە بەردەست و دەستگیریان كردن و لە هەمان كاتدا سوپا «٧٠٠» كەسی لە هێزی ئامادە بانگكرد بۆ وەرگرتنی ئەو خێزانانەی بەردەستی سوپا كەوتبوون و لە رۆژی ٦ - ٥ - ١٩٨٨ هەموو خێزان و خەڵكەكە درانە دەستی هێزی ئامادە و لەوێشەوە راپێچی زیندانەكان و بێسەروشوێنكردن كران.

راپۆرتێكی رێكخراوی هیومان رایتس ووچ ئاماژە بەوە دەكات لەم شاڵاوە و لەو سنووروەدا «١٦٨٠» هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج بێسەروشوێن كراون ئەوانیش تەنها لە گوندەكانی «كلێسە، كانەبی، تۆزلۆ، كانی هەنجیر، گۆمەشین، هەروەك تەنها لە گوندی گۆپتەپەش سكاڵاكارەكان لیستێكی «٥٠٠» كەسییان لە قوربانییەكانیان پێشكەش بە دادگای باڵای تاوانەكان كردووە بێسەروشوێن كراون. هەموو ئامارەكانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لە سنووری جوگرافی قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا، «75» گوند لە سنووری شارۆچكەی ئاغجەلەر و «٢٤» گوندی سنووری قەزای كۆیە و «٥٢» گوندی سنووری شارۆچكەی تەق تەق و «61» گوندی سنووری شارۆچكەی شوان رووخێنراون و لەگەڵ زەویدا یەكسان كراون و زۆربەی خەڵكەكەی بێسەروشوێن كراون.

لە رۆژی ٧ - ٤ - ١٩٨٨ تاوانبار «سوڵتان هاشم ئەحمەد» فەرماندەی فەیلەقی یەك بروسكەیەكی نهێنی و خێرا بە ژمارە «١٨٠٧» ئاراستەی هەریەك لە «عەلی حەسەن مەجید، حسێن رەشید تكریتی، سابیر عەبدولعەزیز ئەلدووری» دەكات و دۆخەكەیان بۆ شیدەكاتەوە و ئەنفالی چواریش، وەك شاڵاوەكانی ئەنفالی یەكەم و دووەم و سێیەم، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی عیراقەوە وەك تاوانی «جینۆساید، تاوانی دژبە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ» بە رەسمی ناسێنراو لە بەڵگەنامەكانی دادگادا چەسپێنرا.

**قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم:** ٥ - ٥ - ١٩٨٨ تا ٢٦ - ٥ - ١٩٨٨.

**قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال:** لە ٥ - ٥ - ١٩٨٨ تا ٢٦ - ٥ - ١٩٨٨ لە ناوچەكانی «بالیسان، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، سماقولی، دۆڵی ئالان، رەواندوز، چۆمان، زنجیرە چیای قەندیل، قەزای رانیە، چوارقورنە،

هیزۆپ، چیای باواجی، بەشێک لە گوندەکانی کۆیە، شارۆچکەی دیبەگە، شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری» بەڕێوەچوو، پانتاییەکی زۆری جوگرافی کوردستانی گرتەوە، نزیک بە نیوەی خاکی کوردستان.

بۆ بەڕێوەچوونی ئەم سێ قۆناغەی شاڵاوەکانی ئەنفال «٥، ٦، ٧» فەیلەقی سەربازیی «٥» راسپێردرا بۆ جێبەجێ کردنی لەگەڵ چەندین یەکەی تری سەربازیی و هەواڵگریی و ئەمنی، لە بەڵگەنامەکاندا وردتر و راستتر بابەتەکە روون دەبێتەوە.

ئەو یەکە سەربازییانەی بەشدارییان لە شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمدا کرد،

ئەمانەی لای خوارەوە بوون وەک لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقدا چەسپێنراون:

**یەکەم:** فەیلەقی ٥، هێزەکانی «ئەل عمورییە» بە سەرکردایەتی عەمید روکن یونس مەحمەد ئەلزەرب و لەم یەکانە پێکهاتبوون:

ا- فیرقەی پیادەی ١٦ «هێزەکانی زولفەقار»
ب- فیرقەی پیادەی ٤ هێزەکانی «ئەلزەفادیع»
ج- فیرقەی پیادەی ١ «هێزەکانی ئەبو عوبێدە»
د- فیرقەی پیادەی ٧ «هێزەکانی مەنسور»

**دووەم:** یەکەکانی فەیلەقی ٥
**سێیەم:** بەشی ئەندازەیی
**چوارەم:** هێزەکانی سوپا
**پێنجەم:** هێزی ئاسمانی
**شەشەم:** بەشی کیمیایی
**حەوتەم:** بەشی چەکی تایبەت
**هەشتەم:** یەکەکانی هەواڵگریی سەربازی



سەرچاوە Serchawe

له بەشێک له بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقدا هاتووه، کاتێک له بەرەبەیانی رۆژی ١٥ - ٥ - ١٩٨٨ خەڵکی ئەو ناوچانەی سەرەوە کە باسمانکرد، خۆیان بۆ رۆژی جەژن ئامادەدەکرد، هێرشیی کیمیاییان کرایە سەر لەلایەن فرۆکەکانی عیراقەوە، بە تایبەتی گوندی «وەرێ»، خۆشی و پێکەنینی جەژنیان لێ بوو بە گریان و فرمێسک. شایەتحاڵێکیش له بەردەم دادگا دەڵێت: « کاتێک رۆیشتینە ناو گوندی وەرێ وە، بینیمان هێشتا چێشت و خواردنەکانیان لەسەر ئاگردانەکانە، هەر لەو شوێنەدا «٣٧» تەرممان له گۆرێکی بە کۆمەڵدا ناشت.

دوای وەرێ له رۆژی ٢٣ - ٥ - ١٩٨٨ هەریەک له «بالیسان و هیران و مەلەکان» و ناوچەکانی دەوروبەریان رووبەڕووی هێرشی کیمیایی بوونەوە و کاریگەری گازی کیمیاییەکە گەشتە «شێخ وەسانان»و دوای ئەمە هێزی زەمینی سوپا چوونە ناو گوندەکانەوە و ژمارەیەکی زۆریان له خێزان و خەڵکە سڤیلەکە دەستگیرکرد و رەوانەی شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانیان کردن و بێسەرو شوێنکران.

هەروەها بەشی ئەندازەیی سەربازی له دوای کیمیابارن و گرتنی خەڵکەکە، دەستیانکرد بە رووخاندن و تێکدانی تەواوی گوندەکان.

له دوای رووخاندنی رژێمی بەعس له ساڵی ٢٠٠٣، لەکاتی کردنەوەی دۆسیێ ئەنفالدا له دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، وەک یەکێک له دۆسیێ تاوانە گەورەکان، قۆناغی پێنج و شەش و حەوتی تاوانەکە بە رەسمی وەک «تاوانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی تاوانی جەنگ» بڕیاری له بارەوە دراو چەسپێنرا.

### قۆناغی هەشتەم و کۆتایی لە؛

### ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ تا ٦ - ٩ - ١٩٨٨

**قۆناغی هەشتەم و کۆتایی شاڵاوی ئەنفال**. له سنووری ناوچەی بادینان له ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ تا ٦ - ٩ - ١٩٨٨ بەڕێوەچوو، لەم کاتەدا پێش چەند رۆژێک واتا له ٨ - ٨ - ١٩٨٨ جەنگی نێوان عیراق و ئێران کۆتایی پێهاتبوو، رژێمی بەعس و سەرانی هەوڵیاندەدا ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و بیکەنە تەواوکەری شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پرۆسەی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد. ئەم قۆناغە «هەشتەم» ناوی لێنرا، «خاتمە الانفال»، بەرپرسیارێتیشی بە فەیلەقی پێنج بە فەرماندەیی فەریقی روکن «یونس ئەلزەرب» سپێردرا، کە چەندین یەکەی تری سەربازیی بەشدارییان تێداکرد.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵگەنامەکان زانیاریی ورتریان تێدایە لە سەر ئەم قۆناغە و کۆتایی شاڵاوی ئەنفال.

بۆ نموونە ئەو یەکە سەربازییانەی بەشدارییان لەم شاڵاوەی قۆناغی هەشتەم و کۆتاییدا کرد، ئەمانەی لای خوارەوە بوون:

**یەکەم**: فیرقەی پیادەی ١٦ «هێزەکانی زولفەقادر» کە لەم یەکانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

ا- لیوای پیادەی ١

ب- لیوای پیادەی ٥٠٥

ج- لیوای پیادەی ٦٠٦

**دووەم**، فیرقەی پیادەی ٤ «هێزەکانی «ئەلزەفادع» لەم یەکانەی خوارەوە پێک هاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ٢٩

ب- لیوای پیادەی ٩٦

ج- لیوای پیادەی ٥

**سێیەم**، فیرقەی پیادەی ١، «هێزەکانی ئەبو عوبێدە» لە مانەی خوارەوە پێکهاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ١

ب- لیوای پیادەی ٢٧

ج- لیوای پیادەی ٣٤

**چوارەم**، فیرقەی پیادەی ٧ «هێزەکانی مەنسور» لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوون:

ا- لیوای پیادەی ٣٨

ب- لیوای پیادەی ٣٩

ج- لیوای پیادەی ١١٦



سەرچاوە Serchawe

کۆی گشتی جگە لە «بەشی ئەندازەیی، فڕۆکەی جەنگی، هێزی ئاسمانی، بەشی کیمیایی، بەشی کردنەوەی ڕێگەوبان، یەکەکانی هەواڵگریی»، ٣٨ لیوای سەربازیی بەشدارییان لە قۆناغی هەشتەم و کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفالدا کرد.

شاڵاوەکانی جێبەجێکردنی نەخشەی شاڵاوەکە لە کاتژمێری ٢ی دوانیوەڕۆ ڕۆژی ٢٣ - ٨ - ١٩٨٨ دەستپێکرد و یەکەم جاریش بە کیمیایی لە گوندەکانی دۆڵی «نهێلیا»درا کە سەربە شارۆچکەی «دێرەلوک»ە، لە ڕۆژی ٢٤ - ٨ - ١٩٨٨ دووبارە فڕۆکە جەنگییەکان بۆردومانی ناوچەکانیان کردەوە لە ناوچەی بادینان وەک ڕێگە خۆشکردنێک بۆ هێرشی زەمینی سوپا.

لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ هێزەکانی سوپای بەعس، توانیان هەموو ڕێگاوبانە سەرەکییەکان بگرن و دەروازەکانی دەربازبوون ببەستن، بەتایبەتی ئەم ناوچەیە زۆر بەرفراوانە و بۆنموونە لە هەریەک لە «زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، سمێل، خانسۆر، بارزان، سۆران» پێکدێت و هەروەک هێزەکانی عیراق یەکەمجار هەوڵیاندا دەستبگرن بەسەر ڕێگەی نێوان «تورکیا- عیراق»، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەی گونجاوی دەربازبوون بوو، ئەوەبوو تۆپبارانێکی چڕی گوندەکانی «کانی ماسی، بیکۆڤا، مانگێش، تۆکا، گڵ ناسکی، برجینی، تلاکرۆ، ورمیلی، مازی، بلیجان، بانی»کرد و لەولاشەوە تۆپبارانی چڕی گوندەکانی «ئیکماله، شیرانە کیژی، دیرە ڕەش، ردینی، گۆرگی، بەنائیا، ڕەزگە، بە کیمیایی کرد.

سەرەڕای سەختیی شاڵاوەکە و دڵڕەقیی هێزەکانی ڕژێمی بەعس، بەڵام نزیکەی «٨٠» هەزار کەس توانیان بەرەو سنووری «تورکیا - عیراق» هەڵبێن، بەشێکیشیان لەلایەن هێزەکانی سوپای ڕژێمەوە دەستگیرکران و تائێستا چارەنووسیان نادیارە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەستگیرکران و برانە قەڵای «نزارکێ».

بۆ سەلماندنی دڕندەیی تاوانەکانی قۆناغی هەشتەم و کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق پشتی بە سێ بەڵگەی گرنگ بەستووە، لەوانە نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عیراق بە ژمارە «١١٢٢» لە ٢١ - ٨ - ١٩٨٨ کە ناوەڕۆکەکەی باس لەوە دەکات کە لە ئامادەکردنی حسێن ڕەشید تکریتی بووە و لەلایەن نزار عەبدولکەریم خەزرەجییەوە واژۆکراوە، پاشان دانپێدانانی تاوانبارەکان، دوای ئەوەش ڕاپۆرتی شارەزایانی نێودەوڵەتی».

هەروەک هەریەک لە «عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم ئەحمەد و حسێن ڕەشید تکریتی و سابیر عبدولعەزیز و فەرحان موتڵەگ جبوری و تاهیر تۆفیق ئەلعانی»، دانیان بەوەدا ناوە کە بەشدارییان لە تاوانەکەدا بە هەر هەشت

قۆناغەكەیەوە كردووە.

لە كۆتایشدا قۆناغی هەشتەمی شاڵاوەكانی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی عیراقەوە وەک «تاوانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ» لەگەڵ حەوت قۆناغەكەی تردا بە رەسمی ناسێنرا.

### ئۆردگای زۆرە ملێ

رژێمی بەعس، پێش ئەوەی دەست بە جێبەجێكردنی شاڵاوەكانی ئەنفال بكات، لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٧ كۆمەڵێك ئۆردگای زۆرەملێی دروستكرد، كە ئامانج لێی كۆكردنەوەی زۆرترین خەڵكی بەشێك لە شار و شارۆچكە و گوندەكان بوو لەنێو ئەم ئۆرگایانەدا، دوای شاڵاوەكانی ئەنفالیش ئەو خەڵكانەی لە پەراوێزی شاڵاوەكە بەهەر شێوەیەک رزگاریان ببوو، بە تۆبزی لەم ئۆردوگایانەدا نیشتەجێكران.

ژیان یان دروستكردنەوەی ژیان بۆ رزگاربووانی پەراوێزی پەلامار و شاڵاوەكانی ئەنفال، جگە لەوەی زۆر زەحمەت و پڕ دەردەسەری بوو، هاوكات لەژێر چاودێریی توندی دامودەزگا ئەمنی و هەواڵگریی و حزبییەكانی بەعسدا بوون و هەموو كاتێك لە بەردەم لێكۆڵینەوە و لێپێچینەوە و لێپرسینەوەدا بوون.

ناوی بەشێک لە ئۆرگا زۆرە ملێكان لەخشتەی ژمارە (١)دا دەخوێنیتەوە

### خەمڵاندنی گشتی زیانی تاوانی ئەنفال

هەر سەبارەت بەهەر هەشت قۆناغەكەی شاڵاوەكانی ئەنفال، لە راپۆرتێكی شارەزایانی نێودەوڵەتیدا هاتووە»: ٢٤٥١ گوند رووخێنراون و لە سەرزەوی سڕاوەتەوە، نزیكەی ١٣٤٤ قوتابخانە تێكدراون و رووخێنراون، ٢٠٢٧ مزگەوت تێكدراون و رووخێنراون، ١٨٢ هەزار هاووڵاتی كوژراون یان لە سێدارەدراون یان بێسەروشوێنكراون، سەدان خێزان ئاوارەی توركیا و ئێران بوون، دەست بەسەر هەموو سەروەت و سامانی هاووڵاتیاندا بە تایبەت بەرهەمە كشتوكاڵییەكانیاندا گیراوە، وێرانكردنی ژینگەی سروشتی و سووتاندنی رەزو باخەكانیان، دەستگرتن بە سەر تەواوی سامانی ئاژەڵی هاووڵاتیان، بەكارهێنانی سیاسەتی سوتاندنی خاک، مینرێژكردنی ناوچەكان بۆئەوەی رێگری بكرێت لە گەڕانەوەی هاووڵاتیان، بۆ زانیاریی زیاتر وردو شارەزایانە سەرنجی ئەو ئامار و داتایانە بدەن كە بەم شێوەیەی خوارەوە، بە پێی لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی ورد، لەلایەن كۆمەڵێك پسپۆڕ و بە سەرپەرشتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان

ئامادەکراوە.

### جۆری زیانەکان

زیانەکانی تاوان و شاڵاوەکانی ئەنفال، بەچەند جۆرێک دیاریکراون لە دیارترینیان «زیانی مرۆیی، زیانی دارایی کەسی، زیانی ژینگەیی، زیانی ناڕاستەوخۆ، زیانی پڕۆژەی جۆراو جۆری گشتی، زیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، زیانی دراو، زێڕوزیو، زیانی کۆمپانیا و بەڵێندەرایەتی»، کە بە نۆ زیان دیاریکراوە.

### خەمڵاندنی زیانەکان

بە پێی خەمڵاندنێک کە لەلایەن لیژنەیەکی راسپێدراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە سەرتاسەری سنووری جوگرافی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال، زیانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە:

**یەکەم**، زیانی خێزان «دارایی» بە لە بەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە خێزانەکانی بەرکەوتووی شاڵاوەکانی ئەنفال و زیانە ئابوورییەکانیان وەک «کشتوکاڵ، سامانی ئاژەڵ، بازرگانی، کەرەستە و ئامێری جۆراوجۆر، پێداویستییەکانی ناوماڵ، زیانی زێڕ و دراو و زیو»، ئەم زیانەش بە «پێنج ملیار و هەشت سەدو بیست ملیۆن و سێسەد و نۆزدە هەزار و هەشت سەدو بیست دۆلار» دیاریکراوە.

**دووەم**، کۆی زیانلێکەوتووانی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال، کە پێویستە حکومەتی عیراقی بە کەسوکاری قوربانییەکانی بدات، بە بڕی هەشت ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.

**سێیەم**، ئەو بڕەی وەک قەرەبوو لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، قەرەبووی زیانی «شەهید وەک کەسی، ژینگە، زیانی ناڕاستەوخۆ، زیانەکانی موڵکەکانی حکومەت ناگرێتەوە»، کە لەلایەن خودی حکومەتی عیراق خۆیەوە وێران و خاپور کراون و تێکدراون.



سەرچاوە
Serchawe

### گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانی ئەنفال

عیراقییەکان بە گشتی و کوردستانییەکان و کورد، سەرگوزشتەی زۆر تاڵ و بەسوێیان لەگەڵ دڵڕەقیی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق و لە پێش هەمووشیانەوە ڕژێمی بەعسدا هەیە، چیرۆک و گێڕانەوەی ئەو سەرگوزەشتانە، بە دەیان دەیەی تر کۆتایی نایەت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەڵگە و دیکۆمێنتی نوێ لەم بارەیەوە ئاشکرا دەبن و بەردەست دەکەون.

کورت و پوخت، گۆڕی بە کۆمەڵ، جگە لەوەی یەکێک لە ئاماژە دەرکەوتووەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسە لە عیراقدا، هاوکات ڕوونترین و سەلمێنراوترین دیکۆمێنتی تاوانی ئەنفالە وەک بەشێک لە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد، لەلایەن حزبی بەعسەوە. هەندێ ژێدەر و سەرچاوە بەم شێوەیە شوێن و جێگەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عیراق دیاریدەکەن:

لەنێو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی لە کوردستان و عیراقدا لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣، دۆزراونەتەوە، زۆرترینیان بە پلەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵی شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨»و بەدوای ئەویشدا گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالی بارزانییەکان، فەیلییەکان، شیعەکان، گوندی سۆریا» و... هتد-ن.

واتا دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە کوردستان و عیراق، ئەنجامی ئەو تاوانانەن دژبە گەلی کورد و لەلایەن ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعسەوە دژبە گەلی کورد و خاکی کوردستان پیادەکراون، بەڵگەی سەلمێنراویش کە لەبەردەستە، ئەو گۆڕانەی تائێستا هەڵدراونەتەوە، زۆرینەی زۆریان کوردن.

### ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە هەڵدراونەتەوە

لەساڵی ١٩٦٣ وە تا ٢٠٠٣ کە دەکاتە یەک چارەکە سەدە، تا ساوەختی ڕووخانی بەعس وەک پارتی فەرمانڕەوای عیراق و ئەنجامدەری تاوانەکانی جینۆساید دژبە گەلانی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، بەشێک لەو کەس و کارانەی قوربانییەکان کە بەشێوازی جۆراوجۆر لەدەستی دامودەزگا سەربازیی و ئەمنی و هەواڵگرییە داپلۆسێنەرەکانی «بەعس» ڕزگارییان ببوو، هیچ سووسەیەکی کەسوکارەکانیان نەدەزانی، یان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەسوکارەکانیان بگەڕێتەوە، بەڵام دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ دەرکەوت دەوڵەتی عیراق و بەعس، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و دوورلە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پێشێلکردنی هەموو یاساو ڕیسا نێودەوڵەتییەکان، تەواوی ئەو خەڵکە کە ژن و پیر و منداڵ و گەنج و مێردمنداڵ بوون و لە هەموو وێستگە و قۆناغەکانی شاڵاوەکانی جینۆسایددا، لە پرۆسەیەکی خێرادا جینۆسایدی کردوون و

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق، کە نزیکەی «١٥١» گۆڕی بەکۆمەڵن، گەواهی ئەو راستیەی سەرەوەیە و لە خشتەکەی پێشوودا شوێن و جێگاکانیمان بەبیر هێنایەوە، ئەگەر ئەو ژمارەیە تێبینی لەسەر هەیە و زۆر سەرچاوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق و هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام تائێستا نەتوانراوە بدۆزرێنەوە یان ئاشکرابکرێن.

**بڕوانە خشتەی ژمارە(٢) تەنها «٣٦٧٣» روفاتی قوربانییەکان دەرهێنراونەتەوە**

گرنگترین شت بۆ کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید، ئەوەیە کە روفاتی کەسوکارەکانیان بگەڕێتەوە و بەچاوی خۆیان ببینن و بەشداریی بکەن لە ناشتنی ئێسک و پروسکەکانیاندا. ئەمە بۆتە گرێیەکی دەروونیی گەورە بۆ ئەوان و تائێستا توانراوە تەنها «٢٦٧٢» روفات لە هەریەک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی «حەیدەرییە، سەماوە، مەهاری یەک و مەهاری دوو، تۆپزاوە، حەمرین، بوسەیە، لەگەڵ ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی تر کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە و هەڵدراونەتەوە کە لە خوارەوە پۆلینمان کردووە» بهێنرێنەوە بۆ کوردستان یان لە کوردستان هەڵبدرێنەوە و بدۆزرێنەوە، کە ناکاتە 2%ی سەرجەم روفاتی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و بەرپرسیاری پلەیەک وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقە، کە بەپێی بڕیاری حکومەتی عیراقی ئەو بەرپرسی یەکەمە لە رێگەدان بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەرهێنانی روفاتی قوربانییەکان، ئەویش بەشێوەیەکی زۆر ناتەندروست و بێبەرنامە ئەم کارە جێبەجێ دەکات. بەواتایەکی تر ئەگەر بەپێی بەرنامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق بێت، بە سەرنجدانی ئەو کارەی بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پێشووی کردووە و روفاتەکانی دەرهێناوە لە ماوەی «١١» ساڵی دوای رووخانی بەعس، ئەوا پێویستمان بە «١٠٠» ساڵی ترە بۆئەوەی تەواوی روفاتەکانی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەربهێنین و بیانگەڕێنینەوە بۆ کەسوکاریان و نیشتمانی خۆیان.

جگە لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی هی تاوانی ئەنفال و بارزانییەکانن، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی تر لە شار و شارۆچەکانی عیراق و کوردستان هەن تائێستا زۆرێکیان ماونەتەوە و هەڵنەدراونەتەوە.

**نموونەکانیان؛**

**یەکەم**: ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سنووری قەزای هەڵەبجە لە گوندی «ملیج» دۆزرایەوە و هەڵدرایەوە کە «٣٠» روفاتی لەخۆ گرتبوو.

**دووەم**: لە ساڵی ٢٠١٤ لە سنووری پارێزگای دهۆک، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە و «١٤» روفاتی گوللەبارانکراوی لە خۆگرتبوو.

**سێیەم**: لە ساڵی ٢٠٠٨ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی خەزەر لە سنووری پارێزگای موسڵ دۆزرایەوە و «٢٥٦» روفاتی لە خۆگرتبوو.

**چوارەم**: لە ساڵی ٢٠٠٨ لە سنووری قەزای خانەقین گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە و «٣٣» روفاتی لە خۆگرتبوو.

**پێنجەم**: لە ساڵی ٢٠١١ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە قەزای دوبزی سەربە کەرکوک دۆزرایەوە و «١٠٦» روفاتی تێدا بوو.

**شەشەم**: لە ساڵی ٢٠١٠ لە سنووری پارێزگای دهۆک گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ دۆزرایەوە و «٣٠» روفاتی تێدابوو.

**حەوتەم**: لە ساڵی ٢٠١٢ لە پارێزگای دیوانیە «٦» گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە و سەرجەم «٧٣٠» روفاتی تێدابوو.

**هەشتەم**: لە ساڵی ٢٠١٣ لە زنجیرە چیای حەمرین کە دەکەوێتە نزیک شاری خورماتوو، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە و «١٥٨» روفاتی تێدابوو.

**نۆیەم**: لە ساڵی ٢٠٠٥ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە بوسەیە دۆزراوەتەوە»٥١٣» روفاتی تێدابووە و هەڵدراوەتەوە.

**دەیەم**: لە ساڵی ٢٠١٤ گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە و «٩٣» روفاتی تێدابووە و هێنراوەتەوە بۆ کوردستان.

### هەندێ گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە سەردەمی جیاوازدا

**یەکەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی گوندی «دەکان» «٣٣» روفات» ساڵی ١٩٦٩

**دووەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی قەڵادزێ «١٣٤» روفات، ساڵی ١٩٧٤

**سێیەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی قوشتەپە، «٣٠» روفات، ساڵی ١٩٨٠

**چوارەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی «زیوە» «٣٠٠» رووفات، ساڵی ١٩٨٥

**پێنجەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی رواندز، «١٣» روفات، ساڵی ١٩٨٧

**شەشەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی شەقڵاوە، «٢١» روفات، ساڵی ١٩٨٧

**حەوتەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی بالیسان، «٥٦» روفات، ساڵی ١٩٨٨

**هەشتەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی بەهەشتی زەهرا «تاران» «١٢٨» روفات، ١٩٨٨

**نۆیەم**، گۆڕی بە کۆمەڵی چەمی قەشانێ، «٢٤» روفات، ساڵی ١٩٨٨

### بەستنی سێ کۆنگرەی تایبەت بە گۆڕە بەکۆمەڵەکان

تا ئێستا سێ کۆنگرەی تایبەت بە گۆڕی بەکۆمەڵ و شێواز و چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا بەستراوە، یەکەمیان لە

لەندەن و دووەمیان نەجەف و سێیەمیان لە هەولێر و لە ١٧ و ١٨ و ١٩ - ٤ - ٢٠١١، لە تێکڕای ئەو کۆنگرانەدا چەندین باس و لێکۆڵینەوە پێشکەش کراون، تایبەت بە گۆڕی بەکۆمەڵی تاوانی جینۆسایدی « شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨، ئەنفالی بارزانییەکان، جینۆسایدی فەیلییەکان، تاوانی دژبە شیعە لە عیراق، جینۆسایدی هەڵەبجە»و تەواوی گۆڕی بەکۆمەڵی تاوانەکانی تری «بەعس»، تایبەت بە کاریگەرییەکانیان، مامەڵەکردن لەگەڵیان، میکانیزمی هەڵدانەوە و پاراستنیان، بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، ئەمە جگەلەوەی لە هەریەک لە کۆنگرەکاندا، کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە دەرکراون.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەرەڕای هەندێ هەنگاوی سەرەتایی، بەڵام بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرانە وەک پێویست نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە گرنگترین و هەرە لە پێشترینیان، دوای دۆزینەوە و دەستنیشانکردن، هەڵدانەوە و دەرهێنانی ڕوفاتی قوربانییەکانە، بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆکرد تائێستا کەمترینیان هەڵدراونەتەوە و کەمترین ڕوفاتی قوربانییەکان گەیەنراونەتەوە شوێن و زێدی خۆیان.

## ڕۆژێک بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ

دوای ماوەیەکی کورت لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، لە ١٦ - ٥ - ٢٠٠٣ گەورەترین گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی مەحاویلی سەربە پارێزگای «بابل» دۆزرایەوە و پەردە لەسەر گەورەترین تاوانەکانی «بەعس» لادرا، واتا ١٦ - ٥ - ٢٠٠٣ بە سەرەتای دۆزینەوەی یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵ لەسەر ئاستی عیراق دادەنرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پێشووتر گۆڕی بەکۆمەڵ نەدۆزرابێتەوە، بەڵکو لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەسەر ئاستی کوردستان چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی تر دۆزرانەوە، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕۆژی ١٦ - ٥ - ٢٠٠٣ ی بە ڕۆژی ڕەسمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عیراق دەستنیشانکرد.

ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دیکۆمێنتێکی گرنگ و بایەخدارە، بە ئاراستەی سەلماندنی تاوانی جینۆساید لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی لە گۆڕنراو، کە دژبە گەلانی عیراق بە گشتی و گەلی کورد و کوردستان بە تایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەواییدا پیادەی کردووە.

ئەمەش بووە یەکێک لە بەڵگەنامە گرنگ و سەلمێنراوەکان لە پێش دەستی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، بۆئەوەی تاوان و شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەستیارییەوە وەربگرێت و بڕیاری لە بارەوە بدات، کە دواتر باسی دەکەین.

**تاوانەکانی حکومەتی نازی ئەڵمانیا دژ بە جولەکە «هۆلۆکۆست»**

هۆلۆکۆست ئەو دەستەواژەیەیە کە بۆ شاڵاوە ڕێکخراوەکانی ئەڵمانیا و بەشێک لە هاوپەیمانەکانی ڕێکخرابوو، بە ئامانجی لەناوبردنی جولەکە لە ئەوروپا لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا.

هۆلۆکۆست لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە «holokauston» بە واتای « الحرق الكامل القرابين المقدمة لخالق الكون» لە سەدەی نۆزدەدا هاتووە، مەبەست لە بەکارهێنانی بۆ گوزارشت کردن بووە بۆ ڕووداو یان ئەو نەهامەتییانەی بە گەورە ناوبراون. دوای ئەوە یەکەمجار وشەی هۆلۆکۆست بۆ مامەڵەی «هیتلەر» بەرامبەر جولەکەکان «ئێهود» لە ساڵی ١٩٤٢ بەکارهێنرا، بەڵام وشە یان دەستەواژەکە تا ساڵانی پەنجاکان بە شێوەیەکی فراوان بڵاونەبۆوە، لە ساڵانی حەفتاکان دەستەواژەکە «هۆلۆکۆست» بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆ گوزارشتکردن لە شاڵاوەکانی جینۆسایدکردنی یەهودییەکان بەکارهێنرا، بە تایبەتی لە سەردەستی دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا و سەپاندنی هەژموونی حزبی نازی بە سەرۆکایەتی «ئەدۆڵف هیتلەر».

خودی یەهودییەکان خۆیان لە ساڵانی چلەکاندا دەستەواژەی «شوا»یان لە بری «هۆلۆکۆست» بەکاردەهێنا، ئەمەش بە واتای «ئەلتەورا» بە مانای «ڕوودا و یان کارەسات» دێت.

لە ساڵی ١٩٠٤ دکتۆر «ئالفرید بلویتز»ی ئەڵمانی «١٨٦٠ - ١٩٤٠» دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کرد، سەبارەت بەوەی چۆن لە ڕێگەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییەوە بە ئامانجی باشترکردنی ڕەگەز و نەوەی مرۆڤایەتی بکرێت، ئەمەش وەک ئامانجێک لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی زیاتر هۆشیاردا. دوای ئەمەش کتێبێکی تری بڵاوکردەوە بە ناوی «الرخسە للقچاو على الأحياو الزين لايستحقون الحياه».

لە ساڵی ١٩٢٠ «کارل بایندنگ» بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆری دەرونزانی «ئالفرید هۆج» کتێبێکیان بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە لەسەر بیرۆکەی «کوشتنی ئەوانەی بە نەخۆشی چارەسەرکراو یان گران» نووسرابوو، کە تیایدا بە هیچ شێوەیەک باسی کۆمەڵکوژیی هیچ پێکهاتە یان کۆمەڵ و کەمینەیەک نەکرابوو، بە هۆکاری لایەنگیرییان بۆ ئایینێکی دیاریکراو.

هەندێک وای بۆ دەچن ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی سەرەوە لەلایەن «نازییەکان»ەوە سوودی لێ وەرگیراوە بۆ تەواوکردنی

پلانەکەیان بە مەبەستی لەناوبردنی «یەهودییەکان» کە بەوە ناسرابوو «چارەسەری کۆتایی» یان «چارەسەری یەکجاریی».

لە یەکی نیسانی ۱۹۳۳ یان دوای ماوەیەکی کورت لە گەیشتنی نازییەکان بە دەسەڵات لە ئەڵمانیا، حزبی نازی یەک شوێنی دیاریکرد بۆ یەک رۆژ بە تەواوی بە مەبەستی کار و بەرهەمی بازرگانی کە یەهودییەکان دەیانکرد لە ئەڵمانیا، زمانحاڵەکان بە ناوی نازییەکان ئەوەیان دووپات دەکردەوە» أن المقاگعه کانت عباره عن پأر من الیهود الالمان ومن الاجانب»، لەم کاتەدا رۆژنامە و پەیامنێر و رۆژنامەوانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا رەخنەیان لە رژێمی نازی و حزبی نازی دەگرت، هەر لەم رۆژەدا هێزەکانی ئەڵمانیا سەری هەموو گەڕەکە یەهودی نشینەکانیان بە تووندی کۆنترۆڵ کرد، بە رەنگی زەرد و رەش هەزاران دەرگا و دەریچەی کۆڵانەکانیان دیاریکرد، بە سەدان لافیتەیان هەڵواسیبوو کە تیایدا نووسرابوو « شت لە یەهودییەکان مەکڕن»، لەولاشەوە هێزەکانی حکومەتی ئەڵمانیا بە گەڕەک و کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە و دروشمیان دژی یەهودییەکان دەوتەوە و مارشی حزبی نازییەکانیان دەچڕی.

لە شارەکانی تریش ئەو شوێنەی بۆ یەهودییەکانیان دیاریکردبوو، پارچەیەک بوو لە تووندوتیژیی و بۆ یەکەمجار و لە شاری «کییل» پارێزەرێکی یەهودی لەلایەن نازییەکانەوە کوژرا و دواتر ئەو شوێنە دیاریکراوە بۆیان لە ناوەڕاستی شەو کۆتایی پێهات.

لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک بڕیار لەلایەن «ئەل رایەخ»ی سێیەم لە ٧ی نیسانی ۱۹۳۳ بە مەبەستی دەرکردنی یەهودییەکان لە هەموو دامودەزگا رەسمییە حکومییەکان دەکرا، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی حزبی نازی لە «نوێرنبێرگ» ساڵی ۱۹۳۵ کۆمەڵێک یاسای رەگەزپەرستی دەرکرا، کە دواتر بە «بقوانین نورمبرج للسلالات»، یەکێک لەو بڕیارانە ئەوە بوو نابێت هیچ یەهودییەک لەگەڵ کەسی نا یەهودی پرۆسەی شوکردن و ژنهێنان بکات و بە پێچەوانەشەوە، هاوکات مافی ناسنامەی ئەڵمانیا و دەنگدانیان لێ وەرگرتنەوە.

لە ١٥ی نۆڤەمبەری ۱۹۳۸ یاسایەکی تر دەرچوو کە رێگریی دەکرد لە خوێندکاری یەهودی کە بچێتە خوێندنگەی گشتی لە ئەڵمانیا.

دەستەواژەی «چارەسەری کۆتایی یان یەکجارەکی» بۆ یەکەمین جار لەلایەن «ئەدۆلف ئیخمان»ەوە بەکارهێنرا کە خۆشی سەرپەرشتیی شاڵاوەکانی هۆلۆکۆستی دەکرد و دواتر لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ١ی یونیوی ۱۹٦۲ دادگایی کراو لە سێدارەدرا.

گفتوگۆی پلان و نەخشەی «چارەسەری کۆتایی» بە ئامانجی لە ناوبردنی یەهود لە ئەوروپا لە کۆنگرەی ناوخۆیی حزبی نازی کە لە ناوچەی «وانسی» باکووری رۆژئاوای بەرلین لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ بەسترا کرا. لەم کۆنگرەیەدا «هینریک هیملر» ئامادەبوو، کە لە بەهێزترین پیاوەکانی ئامادەبووی کۆنگرەش «ئەدۆلف هتلەر» بوو، کە لە هەموویان دڕندەتر بوو. لە پوختەی راپۆرتی کۆنگرەکەدا هاتبوو کە «شێوازی رابردوو بە مەبەستی هاندانی یەهودییەکان بۆ چوونە دەرەوەیان لە ئەڵمانیا، گۆڕا بۆ دوورخستنەوەی بە زۆر.

شاڵاوەکانی هۆڵۆکۆست و بەندەکانی «چارەسەری یەکجاری»، فەلسەفەی نازییەکان بوو، بەو پێیەی تەنیا رێگە بوو بۆ رزگاربوونیان وەک گوزارشتیان لێکردبوو «»تحت البشر «Untermensch، هەروەک بە شێوەیەکی تریش گوزارشتیان لێدەکرد» الأمه الألمانیه لكونها عرق نقی Herrenvolk لها الحق فی حكم العالم» واتا نەتەوەی ئەڵمان رەگەزێکی دەگمەنە و مافی دەسەڵاتی هەیە لە هەموو جیهان.

پێکهاتەی ئەوروپا لە رووی نەتەوەیی و رەگەزییەوە لە «غەجەر، پۆڵەندی، یەهود، سلایفیون، ئەلتیوین، ئەفریقی» پێکدێت»، هاوکات لەگەڵ جینۆسایدی یەهودییەکان زیاتر لە ١٠٠ هەزار شیوعی، ١٥ بۆ ٢٥ هەزار کەس لەوانەی هەڵگری ناسنامەی مسەلیین بوون، ٢٠٠٠ لە شایەتحاڵەکانی یەهود» لەلایەن نازییەکانەوە کوژراون و زیاتر ٤٠٠ هەزار کەس بە شێوازی جۆراوجۆر و بە پاساوی نەخۆشی لەناوبراون و کوژراون.

زۆربەی مێژوونووسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سەرەتای شاڵاوەکانی هۆڵۆکۆست، شەوی ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٣٨ دەستییپێکرد، کاتێک کە خۆپیشاندان دژ بە یەهودییەکان لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا کرا، کە هەموو شوێنە بازرگانییەکانیان شکاند و شت و مەکەکانیانیان بە تاڵان دەبرد و هەر لەو شەوەدا «١٠٠» یەهودی کوژران و «٣٠» هەزار کەسیان لێ دەستگیرکراو «٧» هەزار شوێنی بازرگانی و «١٥٧٤» شوێنی پیرۆزی یەهودییەکان خاپوورکرا. ئەو شەوە دواتر ناوی لێنرا «Kristallnacht».

پلان و نەخشەی «مەد غەشقەر» یەکێک بوو لە پێشنیازەکانی حکومەتی نازی لە ئەڵمانیا، ئامانج لێی گواستنەوەی ئەو یەهودیانە بوو لە ئەوروپاوە بۆ «دوورگەی مەدغەشقەر»، پێشنیازەکەش لەلایەن «فرانز رادیماخەر» سەرۆکی بەشی یەهودییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بوو. پێش شکان یان کۆتایی هاتنی فەرەنسا، داوای حکومەتی ئەڵمانیا ئەوە بوو کە دوورگەی ناوبراو رادەستی ئەو بکرێت یان وەک موستەعمەرەیەکی فەرەنسی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیاوە، کە بەشێک بێت لە مەرجەکانی خۆ بەدەستەوەدانی فەرەنسا.



سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە کە شاڵاوەکانی جینۆسایدی هۆلۆکۆست لە زۆربەی تاوانەکانی تری جینۆساید ڕێکخراوتر بووە، کە لەلایەن دەسەڵاتی نازییەکانەوە جێبەجێ کراوە، زۆر بەڵگەنامەش لە چوارچێوەی تاوانەکە و ئەنجامدانی کەوتوونەتە بەردەست و ئەو ڕاستییەی سەرەوە پشتڕاست دەکەنەوە، بۆنموونە بەڵگەنامەیەکی گرنگ و بروسکەیەکی بەناوبانگ کە «هیرمان هۆڤل بۆ هتلەر»ی ناردووە، هیرمان ئەوکاتە کەسی دووەم بووە لە شاڵاوەکانی ڕینهارد، «Operation Reinhard» ئەمە ڕێک ڕێوشوێنی کۆمەڵکوژیی «جینۆساید»ی یەهودییەکان دەردەخات لە هۆڵەندا. ئەم دیکۆمێنتە بەناوی «تالگراف هۆفڵ» هاتووە و لە دووتوێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢دا «٢٤٧٣٣» یەهودی دەستگیرکراون و خراونەتە گرتووخانەی ماجدانیک و «٤٣٤٥٠٨» کەسیش بۆ گرتووخانەی سوبیبورو «١٠١٣٧٠» کەسی تریش بۆ گرتوخانەی تریبلنکا، هەموو ئەم گرتووخانانەش لە پۆڵەندایە و لەلایەن «هینریک هیملەر» و ئەفسەری مەیدانی «ئەودیلۆ کلوبوسنک» سەرپەرشتی دەکرێن.

مێژوونووسی هاوچەرخی بەریتانی «ریچارد ئەوفری» لە کتێبی جەنگی ڕوسیا» دەنووسێت: «نازییەکان یەهودییەکانیان وەک ئاژەڵ بە مەبەستی توانای کوشتنی زۆرترین ژمارە بەکاردەهێنا». نموونەیەکی زیندوو دێنێتەوە و دەنووسێت: «ڕیزکردنی زیندانییەکان و دواتر بە یەک فیشەک لێدانیان لە دواوە بۆ ئەوەی بزانن بەیەک فیشەک چەند کەس دەکوژن». یان بۆ نموونە هەڵدانی یەک بۆمب بۆ نێو زیندانەکە کە بزانن چەند کەس دەکوژێت، کە دواتر بۆیان دەرکەوت بریندار لە کوژرا و زۆرترە، یان بۆ نموونە کردنە ژوورەوەی دووکەڵی ئۆتۆمبێل بۆ نێو هۆڵی زیندانەکان و زۆر شێوازی تر، بۆ کوشتنی زۆرترین خەڵک بە ئاسانترین و کەمترین تێچوو.

زۆربەی مێژوونووسەکانیش مکوڕی لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تاوانی جینۆسایدی هۆلۆکۆست، شاڵاوێکی ڕێکخراو بوو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان و ئەوەی کردبووە ئامانج کە نابێت لە ئەوروپا هیچ کەسێک هەبێت لە دەرەوەی هەژموونی نازیی. هەروەک هەموو یەهودییەکانیان دەنارده سەربازگەکان بۆ کارکردن یان سەربازگەکانی لەناوبردن، لێرەدا لەسەر ژمارەی قوربانییەکان جەدەلێکی زۆر هەیە کە دواتر دەیانبینین کە ژێدەر و سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە پێنج بۆ حەوت ملیۆن یەهودی لە ناویاندا سێ ملیۆن لە پۆڵەندا بوون بە قوربانی و وەک تاقیگە تاقیکردنەوەیان لەسەر کراوە، بە تایبەتی لە سەربازگەی «ئاوشفیتز بیرکیناو» لە پۆڵەندا.

دکتۆرێکی نازی «جۆزێف منجیل» ١٩١١ - ١٩٧٩ چەندین تاقیکردنەوەی جیاجیای لەسەر یەهودییە زیندانیکراوەکان کردووە، بۆ نموونە لەنێو بەرمیلی سەرگیراودا لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی بەرزدا دەیان کەسی یەهودی هێشتۆتەوە یان لە حاڵەتی بەستن «تەجمید»دا دەیانی هێشتۆتەوە تا گیان لە دەستدان. لە تاقیکردنەوەکانی تردا کە «جۆزێف» لە سەر



سەرچاوە
Serchawe

زیندانیکراوەکان کردوێتی، هەوڵدان بووە بۆ گۆڕینی ڕەنگی چاوی منداڵ لە چاندنی کەرەستەی ڕەنگ، یان هەوڵدان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی سەر زیندانییەکان بۆ جۆری نەخۆشی سەرمابردە لە ڕێگەی چاندنی ئامێری یاریکردن کە هۆکاربووە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی، هەروەها هەوڵدان بۆ نەشتەرگەریی گواستنەوەی ئەندامانی لەش و ئەزموونی ڕێگرتن لە دووگیان بوون و منداڵ بوون و زۆر تاقیکردنەوەی دیکە.

لە ساڵی ١٩٣٣ نازییەکان چەندین سەربازگەیان بۆ دەستگیرکردن و زیندانیکردن دروستکرد، کە تیایاندا ژمارەیەکی زۆر مرۆڤیان لە پانتایەکی کەمی ئەو سەربازگانەدا کۆدەکردەوە و ناویان لێنابوو «سەربازگەی چاودێری» یان «چڕ»، «Concentration camp»، هاوکات بە مەبەستی زیندانیکردنی بەرهەڵستکارە سیاسیەکانیان و ئەوانەی لای نازییەکان شیاو نەبوون، لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٩ شەش لە گرتووخانەکان لە ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهان و دروستکردنی چەندینی تر لەو وڵاتانەی ئەوروپا کە ئەڵمانیا داگیری کردبوون، یەکێکی تر بوو لە ئامانجەکانیان.

سەربازگە چڕەکان ئەمانەی تێدەئاخنرا، وەک «یەهودییەکان، کۆمۆنیستەکان، پۆڵەندییەکان، دیلەکانی جەنگ، قەرەجەکان، شهود یەهوە، مەسەلییەکان»، زیندانی کراوەکان بە زۆر کاریان پێدەکرا، بە تایبەتی ئەو کارانەی بەسەریاندا دابەشدەکرا و هاوکات وەک لە سەرەوە باسمان کرد تاقیکردنەوەی جۆراو جۆریان لەسەر دەکرا.

دوای سەرەتای دەسپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان و بەدیاریکراوی ساڵی ١٩٤١ چەندین سەربازگەی جۆراوجۆری شاڵاوەکانی جینۆسایدی هۆلۆکۆست دروستکرا «extermination camp» کە تایبەت کرابوو بۆ زاڵبوون بەسەر زیندانیکراوەکاندا لە ڕێگەی «گازی ژەهر یان کوشتنی بە کۆمەڵ و شێوازی تری لەناوبردن و دواتریش سووتاندنی لاشەی کوژراوەکان».

جگە لەو سەربازگانە بۆ دەستگیرکراوەکان، نازییەکان ناوچەیەکی شوێنی نیشتەجێبوونیان بەناوی گیتۆ «Ghettos»درووستکرد و یەهودییەکانیشی ناچارکرد کە تیایدا بژین، دەروازە و دەرەوەی ناوچەکەش لەژێر چاودێریی توندی نازییەکاندابوو. لە ناودارترینی ئەوانەی کە لەم ناوچەیە کاری نەشیاویان بەرامبەر یەهودییەکان دەکرد، «گیتۆ وارسۆ» بوو، ژمارەی ئەو یەهودییانەی کە کاری نەشیاویان بەرامبەر دەکرا لێرە «٣٨٠» هەزار کەس بوون.

لەو شوێنەدا لە ژوورێکدا «٩» کەسی تێ دەئاخنرا، هەر لەو شوێنەدا هەزاران کەس گیانیان لە دەستداوە بە هۆکاری برسێتی و نەخۆشی تیفۆئید.

لە ١٩ی تەمموزی ١٩٤٢ «هینریک هیملەر» بڕیاریدا یەهودییەکان لەم شوێنەوە بۆ سەربازگەکانی کوشتن و لەناوبردن بگوازرێنەوە.

زیندانیکراوەکان لە گرتوخانەکاندا وەک سێگۆشەی هەڵگەڕاوە بوون لە ڕەنگدا، ئەمەش لەبەر هۆکاری جیاوازیی ڕەگەزی و بیروباوەڕییان و هاوکات زیندانیکردنیان، ئاماژەی جۆراو جۆر لە سەر قوماش و کەل و پەلەکانیان هەبوو، بۆنموونە : ڕەنگی ڕەش ئاماژە بوو بۆ ئەوانەی کە ڕەچەڵەکیان بۆ هیند و پاکستان و قەرەج دەگەڕایەوە و هاوکات ئەو ئافرەتە کەمئەندامانەی دەستگیرکرابوون بە هۆکار و پاساوی ڕەوشتی، ڕەنگی سەوز بۆ ئەوانە بوو بە پاساوی تاوان دەستگیرکرابوون، ڕەنگی پەمەیی بۆ هاوڕەگەزبازەکان بوو، ڕەنگی مۆر بۆ شهود یەهوە بوو، ڕەنگی سوور بۆ سیاسی و کۆمۆنیستەکان بوو، ڕەنگی زەرد بۆ یەهودییەکان بوو»، ئیتر وەک دەڵێن و دەگێڕنەوە سێگۆشەیەکی لە ڕەنگی هەڵگەڕاوەی درووستکردبوو.

کۆی ئەو سەربازگانەی کە درووستکرابوون «٤٧» دانەبوون، بەم شێوەیە دابەش کرابوون «١٧» لە ئەڵمانیا و «نۆ» لە پۆڵەندا و « چوار» لە نەرویژ و «دوو» دانە لە هەریەک لە هۆڵەندا و ئیستونیا و ئیتالیا و فەرەنسا و «یەک» دانەش لە هەریەک لە چیکۆسلۆڤاکیا و لاتڤیا و نەمسا و بیلارووس و ئۆکرانیا و لیتوانیا و بەلجیکا و دورگەکانی شانیل لە نێوان فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

گەورەترین سەربازگە سەربازگەی چڕ «Concentration camp» بوو کە ئەویش سەربازگەی «ئاوشفیتز «Auschwitz» بوو لە پۆڵەندا. هەروەک ئەم سەربازگەیە بەوە ناسرابوو کە تێکەڵەیەک بوو لە بەزۆر کارپێکردن و پاکتاوی ڕەگەزیی و...هتد. ئەم سەربازگەیە لە ١٩٤٠ تا ١٩٤٥ بەردەوام بوو، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جگە لە «٤٠٠» هەزار زیندانیکراو، یەک ملیۆن و نیو یەهودی تێدا جینۆساید کراوە.

بەشێک لە دیکۆمێنتی چارەسەری کۆتایی، بیرۆکەی جینۆساید و توانای جێبەجێکردنی، لەگەڵ جینۆسایدی کەمئەندامان و بەرنامەی ئەکیۆن «٤»، لەوێوە دەستیپێکرد. یەکەمجار لەناوبردنی منداڵی کەم ئەندام، بڕیاریاندا تەواوی ئەو منداڵانە لەناوببەن، بەبرسیکردن و دەرزیی کوشتن دەستیان پێکردو تا گەیشتە گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵ و دواتریش خنکاندن بە گازی «ئۆکسیدی کاربۆن»، لەهەر ژوورێکدا ژمارەیەکی زۆریان کۆدەکردەوە بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ کوشتن و لەناوبردن.

سەربازگەکانی جینۆساید یان مردن ئەو دەستەواژانە بوون بۆ کۆمەڵێک بەکاردەهێنران کە لە سەربازگەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان کۆکرابوونەوە، کە پێشووتر باسمان کرد، ئەم جۆرەی هێنانیان بۆ سەربازگەکان چاوەڕوانکراو نەبوو، دوای تەنها «٢٤» کاتژمێر مانەوە نەدەژیان و لەناودەبران، کە لە سەربازگەی چرەوە بۆ سەربازگەی جینۆسایدکردن دەگواسترانەوە.

سەربازگەی ئاوشفیتز جیاوازتر بوو لە سەربازگەی ئاوشتز، چونکە سەربازگەی ئاوشتز هی چرکردنەوە و کاری بە زۆر بوون، بەڵام سەربازگەی ئاوشفیتز لە گەورەترین سەربازگەکانی کۆمەڵکوژی بوو، بە دووری «سێ» کیلۆمەتر دەکەوتە دەرەوەی شاری «ئاوشفیتز» و لە ساڵی ١٩٤١ دروستکرابوو، لە چوارچێوەی پلانی چارەسەری کۆتایی.

درێژیی سەربازگەکە «٢» کیلۆمەتر و نیو بە پانی «٢» کیلۆمەتر بوو. لەو سەربازگەیە «٤» شوێنی سوتێنەر هەبوو، کە بە کۆگای «غاز» ناسرابوو، هەریەک لە کۆگاکان نزیکەی «٢٥٠٠» کەسی دەگرت، گیراوەکان لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە دەگەیەنرانە سەربازگەکە، دوای گەیشتنیان لەیەکتریی جیادەکرانەوە و ئامانجیش تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر بوو لەسەر هەندێکیان لەلایەن دکتۆری نازی «جوزف منجیل ١٩١١ - ١٩٧٩». لەم سەربازگەیە نازییەکان بە بەشێک لە ئافرەتەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی زیندانییەکان دەیانوت ئێوە دەڕۆن بۆ حەمام. بە پێی هەندێک سەرچاوە کە دواتر دەیانبینین زۆر گرنگە بۆ گفتوگۆ، ئەویش ئەوەیە نازییەکان بۆریی حەمام و بوتڵی غازەکانیان لە جۆری «زیلکون» بەیەکەوە بەستۆتەوە کە بوتڵەکان گازی «سیانید»و جۆرە کرم و حەشەراتی کشتوکاڵی تێدابووە، ئەمەش ڕێگایەکی تر بووە بۆ جینۆسایدکردنی زیندانییەکان.

لەهەمان کاتدا تەرمی قوربانییەکانیان خستۆتە سەر ئامێری سوتێنەرەکان و سەرچاوەکانیش کە لە هەمان سەربازگە تا ئێستا بەشێکیان پارێزراوە و دیکۆمێنت کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەم سەربازگەیە «٣٠٠ هەزار یەهودی لە پۆڵەندا، ٦٩ هەزار یەهودی لە فەرەنسا، ٦٠ هەزار یەهودی لە هۆڵەندا، ٥٥ هەزار یەهودی لە یۆنان، ٤٦ هەزار یەهودی لە مورافیا، ٢٥ هەزار یەهودی لە بەلجیکا» کە سەرجەمیان دەکەنە یەک ملیۆن و نیو، جینۆساید کراون و بوون بە قوربانی.

لە سەربازگەی بەلزاک «Belzec extermination camp»، ئەم سەربازگەیە بە یەکەم و کۆنترین سەربازگەی جینۆسایدی نازییەکان ئەژمار دەکرێت، لەم سەربازگەیەدا «٤٣٤٥٠٨» هەزار یەهودی جینۆسایدکراون، کە دەکاتە نزیکەی نیو ملیۆن کەس.

«بەلزاک» دەکەوێتە ناوچەی «لوبلن» لە پۆڵەندا. سەربازگەی جیملنۆ «Chełmno extermination camp» نزیکەی «٧٠» کیلۆمەتر لە دووەم گەورە شاری پۆڵەندا «لۆدز»ەوە دوورە، ١٥٢ هەزار زیندانی لەم شوێنە جینۆسایدکراون. سەربازگەی ماجدانیک «Majdanek» لەم شوێنە بەریەککەوتن لە باسکردنی ژمارەی قوربانییەکاندا هەیە، سەرچاوە سۆڤێتییەکان دەڵێن «٤٠» هەزار کەس کۆمەڵکوژکراون، بەڵام دوای ساڵی ١٩٦١ ژمارەی تەواوی قوربانییەکان بە «٥٠» هەزار کەس دیاریکراون، کەچی دوا ئامار و سەرچاوەی رەسمی دەڵێت «٧٨» هەزار کەس بوون بە قوربانی.

لە سەربازگەی سوبیبور «Sobibór extermination camp» کە زۆرتر قەرەجەکانی تێدا کۆکرابوونەوە، ژمارەی ئەوانەی جینۆساید کراون بوون بە قوربانی بەم شێوەیە دابەشبوون «٢٥٠» هەزار کەس بوون و «١٥» هەزاریان یەهودی پۆڵەندی بوون و «٣١» هەزاریشیان یەهودی چیکوسلۆڤاکی بوون و ئەوانی تر وەک وتمان لە قەرەجەکان بوون.

لە سەربازگەی تریبلنکا «Treblinka extermination camp» ئەم سەربازگەیە لە ١٩٤٢ بۆ ١٩٤٣ بوو، تیایدا «٨٠» هەزار کەس جینۆساید کراون و بوون بە قوربانی.

لێرەدا شتێکی زۆر گرنگ و بەبایەخ هەیە دەبێت باس بکرێت، ئەویش ئەوەیە باوەڕێکی زۆر بەربڵاو هەیە کە یەکەیەکی زۆر لە «سوپای ئەڵمانی، خەڵکی مەدەنی ئەڵمان، یەکەکانی پۆلیس، میلیشیای تایبەت «ئێس ئێس»، کە هێنریک هێلمر و بەرپرسە باڵاکان لە وەزارەتی ناوخۆ و داد و گەیاندن و دەرەوە» بەشداریی شاڵاوەکانی جینۆسایدیان کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی بە دەیان دکتۆری جیاجیای نازی بەشدارییان لە تاقیکردنەوە لەسەر زیندانییەکان و کوشتنیان کردووە لە بەکارهێنانی شێواز و رێگایەکی زیاتر.

لەناو هەمووشیاندا باس لە ترسناکیی رەفتاری هێزی میلیشیای تایبەت «ئێس ئێس» دەکرێت، کە رۆڵێکی گەورەی لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی شاڵاوەکاندا هەبووە و بە تەنیا خۆیان زیاتر لە «1» ملیۆن یەهودی و زیندانیان کوشتووە و جینۆسایدیان کردوون.

جگە لە دەوڵەتی ئەڵمانیا، کۆمەڵێک دەوڵەت بەشدارییان لە شاڵاوەکانی جینۆسایدی هۆڵۆکۆست «جینۆسایدی یەهودییەکان» دا کردووە، بە تایبەتی «ئیتالیا، کرواتیا، هەنگاریا، بولگاریا»، کە ئەو یەهودییانەی لەنێو وڵاتەکانیاندا بوون رەوانەی سەربازگەکانی کۆمەڵکوژییان دەکرد، تەنیا رۆمانیا خۆی «٣٨٠» هەزار یەهودی بە شێوەی راستەوخۆ کوشتووە. هەروەها «بینیتو مۆسۆلینی» زیاتر لە «٨٣٦٩» یەهودی رەوانەی سەربازگەکانی جینۆساید کردووە.

کەسی سەرەکی و یەکەم و بڕیاردەر سەبارەت بە جینۆسایدی یەهودییەکان «هۆڵۆکۆست لە روانگەی مێژووییەوە «هتلەر» بوو، ئەمە جگەلەوەی هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێکی وا لەبەردەستدا نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیی ئەو بەم شالاوانەوە دەربخات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ژێدەر و سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو وتارانەی «ئەدۆلف هتلەر» داویتی، کە تۆمارکراون و لەلایەن «جۆزیف گوبلز»ەوە پارێزراون، بەردەوام بانگەشەی کۆمەڵکوژیی یەهودییەکانی کردووە، بۆیە ئەمە ئەوسا و ئێستاش شوێنی بەڵگە و دیکۆمێنتی نووسراوی گرتۆتەوە.

بە کورتی و بە پوختی پرسی جینۆسایدکردنی یەهودییەکان «هۆڵۆکۆست» ئەوسا و ئێستاش لە ناوەندە جیاجیاکانی حکومی و ناحکومی، زانکۆ و ناوەند و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، تەنانەت هۆڵەکانی سینەما و شانۆ و ناوەندە ئەدەبی و رووناکبیرییەکان، لای مێژوونووس و نووسەر و لێکۆڵەران، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان گفتوگۆیەکی گەرم و جددیی وەرگرتووە و تا ئێستاش زۆر شتی شاراوەیە و زۆر شتیشی ئاشکراو روون بۆتەوە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نەماوە و ساغکراوەتەوە، ئەوەیە بە یەکێک لە تاوانە گەورەکانی جینۆساید لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەژمار دەکرێت.

لە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١٥ لە دوو سەردانی پۆڵەندادا، لەوێشەوە سەردانی مەیدانیی سەربازگەی شاری ئاوشفیتزم کرد، کە بەسەریەکەوە ١١ سەعات لەنێو ئاوشفێتزی یەک و دوودا بینەری شوێنەوارەکانی تاوانی هۆلۆکۆست بووم، ئەو راستییانەی سەرەوە و زۆر لایەنی ترمان بۆ روون بۆوە، بۆ نموونە لەم سەربازگەیە شێواز و میکانیزمی ئەشکەنجەدان و کوشتن و سووتاندن بە شێوەیەکی وا بەکارهێنراوە کە هەندێک جار مرۆڤ لە ئاستیاندا واقی وڕ دەمێنێت و بڕوا بە خۆی ناکات.

یەکێک لە شێوازەکانی جینۆسایدکردن لێرەدا بەم شێوەیە بووە: هۆڵی تایبەت بە زیندانییەکان هەبووە، هەر هۆڵێک بە شێوەی سروشتی «١٠٠٠ هەزار بۆ ١٥٠٠هەزارو پێنجسەد» کەسی گرتووە، بەڵام ئەوان «نازییەکان» زیاتر لە «٢٥٠٠» دوو هەزار و پێنج سەد کەسیان تێئاخنیوە و هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیان گرتووە، دواتر لە سەربانی هۆڵەکەوە» ١ بۆ ٢» فتووی حەبی کەپسولیان فڕێداوەتە هۆڵەکەوە لە ماوەی «٢٠ بۆ ٣٠» خولەکدا تەواوی خەڵکەکە گیانیان لە دەستداوە، دوای ئەوەش بە بەشێکی تر لە زیندانیکراوەکان ئەو «٢٥٠٠» دوو هەزار و پێنجسەد تەرمەیان بۆسەر ئامێری سووتاندن گواستۆتەوە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا تەرمەکانیان سووتاندوە و خودی ئەو خەڵکەی تەرمەکانیان گواستۆتەوە راستەوخۆ نۆرەیان هاتووە و ئاخێنراونەتە نێو هۆڵێکی تر و جینۆساید کراون. ئەم شێوازەی کوشتن و جینۆسایدکردن بەردەوام بووە وەک لە سەرەوە روونمان کردەوە تا «١» ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس تەنها لەم سەربازگەیە جینۆساید کراون.



سەرچاوە
Serchawe

ئێستاش لەم سەربازگەیە کە وەک مۆزەخانە ماوەتەوە و بەردەوام گەشتیاران و شارەزایان سەردانی دەکەن، وێنەی قوربانییەکان، ئەو کەرەستانەی کە لەگەڵ خۆیان لەکاتی هێنانیان بۆ ئێرە هێناویانە، قاپ و قاچاخەکانیان، جلوبەرگ، دەستەوانە و پێڵاوەکانیان، ملوانکە و ئەنگوستیلە و کل و کلدان، پێڵاوی پێی منداڵ، جۆرەها کەرەستەی تر، ماونەتەوە و پارێزراون.

### ترسناکترین وێستگەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی نازییەکاندا

**٣٠ی کانوونی دووەم ١٩٣٣ ئەدۆلف هیتلەر وەک راوێژکاری ئەڵمانیای نازی دانرا.**

* ٢٢ی ئاداری ١٩٣٣؛ دروستکردنی چەندین سەربازگەی گرتوخانە وەک «داخاو» لە نزیک شاری میونشن، «بوخنفالد» لە نزیکی «فایمار» ناوەڕاستی ئەڵمانیا، «ساکزن هاوزن» نزیک بەرلین، «رافینسیرۆک» بۆ ژنان.

* ٢٤ی مارتی ١٩٣٣؛ دەرکردنی یاسا لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی رەهای بەخشیە هیتلەر.

* ١١ی نیسانی ١٩٣٣؛ دەرکردنی مەرسومی دیاریکردنی رەگەزی نا ئاری.

* ١٠ی مایسی ١٩٣٣؛ سووتاندنی هەموو لە بەرلین و سەرتاسەری ئەڵمانیا.

* ٢٤ی کانوونی دووەم ١٩٣٤؛ قەدەغەکردنی یەهودییەکان لە بەشداریکردنیان لە بەرەی کاری ئەڵمانیا.

* ٢ی ئابی ١٩٣٤؛ مردنی سەرۆکی ئەڵمانیا «فۆن هیندنبێرگ» کە هیتلەر نازناوی «فۆهۆر»ی لێنابوو.

* ١٩ی ئابی ١٩٣٤؛ لە ٩٠%ی دەنگدەرانی ئەڵمانیا بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ دەسەڵاتەکانی «هیتلەر»دا.

* ٢١ی مایسی ١٩٣٥؛ حکومەتی نازی ئەڵمانیا رێگەی لە یەهودییەکان گرت بچنە خزمەتی سەربازیی.

* ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٥؛ دەرکردنی یاسای رەگەزپەرستی «نویرمبێرگ» دژی یەهودییەکان.



سەرچاوە Serchawe

* ٧ی مارسی ١٩٣٦؛ نازییەکان خاکی راینیان داگیرکرد.

* کانوونی دووەمی ١٩٣٧؛ ڕێگەیان بە هیچ یەهودییەک نەدا، ببێتە فەرمانبەر بە تایبەتی لە بواری فێرکردنی ئەڵمانی، ژمێریاریی، پزیشکی و زۆر بواری تر.

* ١٢ی مارسی ١٩٣٨؛ سوپای نازی گەیشتە نەمسا، هیتلەر یەکگرتنی لە گەڵ نەمسا راگەیاندو «هیملەر» سەربازگەی «ماوسازن»ی دروستکرد، بە تایبەت بۆ ئەو یەهودییانەی لە نەمسا دەژیان و ژمارەیان «٢٠٠» هەزار دەبوو.

* ٢٢ی تەمموزی ١٩٣٨؛ نازییەکان بڕیارێکیان دەرکرد، هەر یەهودییەک تەمەنی لە سەرووی «١٥» ساڵەوە بێت بە پێی ناسنامەی کەسی، دەبێت لەکاتی داواکردنیدا ئامادە بێت.

* ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٨؛ بەسەر هەموو یەهودییەکیاندا سەپاند، مۆری پیتی «ي» بەگەورەیی لەسەر پاسپۆرتەکانیان بدرێت.

* ١٤ی دیسمبەری ١٩٣٨؛ «هیرمان گورینگ» بەرپرسیارێتی چارەسەری دۆسێی یەهودییەکانی وەرگرت.

* ٢١ی شوباتی ١٩٣٩؛ نازییەکان فەرمانیان بە یەهودییەکان کرد هەرچی زێڕ و زیوو شتومەکیان هەیە تەسلیمی بکەن بە شێوەی زۆرەملێ.

* ١٥ و ١٦ی ئاداری ١٩٣٩؛ نازییەکان وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیایان داگیرکرد کە «٣٥٠» هەزار یەهودی لێ دەژیا.

* ٤ی تەمموزی ١٩٣٩؛ هەموو کارێکی وەزیفییان لە یەهودی لە ئەڵمانیا قەدەغەکرد.

* ١ی ئەیلولی ١٩٣٩؛ نازییەکان پۆڵۆنیایان داگیرکرد، کە «٣» ملیۆن و نیو یەهودی لێ دەژیا.

* ٣ی ئەیلولی ١٩٣٩؛ بەریتانیا و فەرەنسا جاڕی جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا دا.

* ٢٣ی ئەیلولی ١٩٣٩؛ ئامێری رادیۆییان لە هەموو یەهودییەک لە ئەڵمانیا قەدەغە کرد.



سەرچاوە
Serchawe

* ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٠؛ ناوچەی ئاوشفێتزی پۆلۆنیا وەک سەربازگەی گرتنی بەکۆمەڵ دیاریکرا لەلایەن نازییەکانەوە.

* ٣٠ی نیسانی ١٩٤٠؛ نازییەکان کۆنترۆڵی «گیتۆ لۆدز»یان کرد لە پۆلۆنیا و «٢٣٠» هەزار یەهودییان تێدا زیندانی کرد.

* ١٠ی مایسی ١٩٤٠؛ نازییەکان فەرەنسایان داگیرکرد «٣٥٠» هەزار یەهودی، بەلجیکا «٦٥» هەزار یەهودی، هۆڵەندا «١٤٠» هەزار یەهودی.

* ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٤٠؛ بڕیاری داخستنی ڕێگەی «گیتۆییەکان- کراکۆف»یان لە «٧٠» هەزار یەهودی و «گیتۆییەکان- وارشۆ» لە «٤٠٠» هەزار یەهودی دا.

* ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١؛ نازییەکان هێرشیان کردە سەر یەکێتیی سۆڤێت کە «٣» ملیۆن یەهودی تێدابوو.

* ٢١ی تەمموزی ١٩٤١؛ سەربازگەی «ماجدانیک»یان دروستکرد.

* ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢؛ کۆنفرانسی وانسی بۆ ڕێکخستنی «چارەسەری کۆتایی» یان بەست.

* لە ساڵی ١٩٤٣؛ زیاتر لە یەک ملیۆن یەهودی لەلایەن نازییەکانەوە کۆمەڵکوژکرا، لەلایەن یەکە تایبەتەکانی کوشتن «ئینساتز».

* ١٤ی ئاداری ١٩٤٣؛ پاکتاوی گیتۆییەکانی کارەکاویان کرد.

* ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٣؛ هیملەر بڕیاریدا هەموو گیتۆییەکان لە پۆلۆنیا پاکتاوبکەن.

* ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٤٤؛ بڕیاریدا هەموو کوورەی سوتاندنەکان بڕوخێنن لە ئاوشفێتز «مەبەست کوورەی سوتاندنی یەهودییەکان».



سەرچاوە
Serchawe

* لە ساڵی ١٩٤٥؛ و لەکاتی نزیکبوونەوەی سوپای هاوپەیمانان، نازییەکان ڕێڕۆیشتنی مەرگیان بەڕێوەبرد و زۆربەی گیراوەکانیان بۆ شوێنی دوورتر گواستەوە.

* ١٠ی نیسانی ١٩٤٥؛ هاوپەیمانان سەربازگەی «بوخنفالد»یان رزگار کرد.

* ٢٩ی نیسانی ١٩٤٥؛ سەربازگەی «داخاو»یان رزگارکرد.

* ٣٠ی نیسانی ١٩٤٥؛ هیتلەر خۆی کوشت.

### لێکچوون لە نێوان ئەنفال و هۆڵۆکۆستدا

کاتێک لە تاوانی هۆڵۆکۆست لەسەر دەستی نازییەکان دژی جولەکە و تاوانی ئەنفال لە سەردەستی حکومەتی عیراق و بەعسییەکان دژی گەلی کورد ورد دەبینەوە، بەبێ ئەوەی سۆز و دەمارگیریی بەسەرماندا زاڵ ببێت، چەندین نموونەی لێکچوون لە نێوانیاندا دەبینینەوە، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە دوو تاوان لە شوێنی جیاواز، دوو کاتی جیاواز، دوو جوگرافیای جیاواز، لەسەر دەستی دوو دەسەڵاتی جیاواز، دوو دنیابینیی جیاواز، دوو فەلسەفەی جیاواز، بەڵام یەک ئامانجی هاوبەش ئەویش «جینۆساید» کۆمەڵکوژی یان قڕکردنی نەتەوەیەکە بە هەموو تایبەتمەندیی و پێکهاتەکانییەوە بەڕێوەدەچێت، یەکەمیان تاوانی «هۆڵۆکۆست» و دووەمیان تاوانی «ئەنفال»، تاوانی هۆڵۆکۆست دژی جوولەکە و تاوانی ئەنفال دژی کورد.

دەتوانین لەم نموونانەی خوارەوەدا، لێکچوونەکان لە نێوان هەردوو تاوانەکەدا روونتر ببینین و ئەو راستییەش بسەلمێنین، کە فەلسەفە و ئامانجە هاوبەشەکانی ئەم دوو تاوانە لە کوێدا لە یەکەوە نزیکن، ئەگەرچی رایەکی باو لە نێو بەشێک لە رووناکبیر و نووسەرە جوولەکەکاندا هەیە کە پێیوایە هیچ تاوانێک نییە بە هۆڵۆکۆست بەراورد بکرێت، ئەم رایەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوەی نازییەکان بەسەر جولەکەیان هێناوە، بێ هاوتایە لە بەربەرییەت، بەڵام پێچەوانەی ئەمە بە پێی پێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکان و رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ کە لەسەرەوە باسمان کرد، تاوانی جینۆساید یان تاوانی دژی مرۆیی یاخود جەنگ لە هەر کوێیەکی جیهان بێت و بکرێت هەر تاوانە، دەشێت تەنیا جیاوازیی ئەوەبێت لە تاوانی «هۆڵۆکۆست»دا ژمارەی قوربانییەکان و شێوازی لەناوبردنەکان ترسناکتر بێت بە بەراورد لە شوێنێکی تر، ئەگەرچی لە تاوانی ئەنفالدا دژبە گەلی کورد تەنانەت بەشێک لە شێوازی هێرش و کۆکردنەوە و راپێچکردن و زیندانیکردن تا دەگاتە کوشتنی بە کۆمەڵ و جیاوازیی نەکردن لە نێوان ژن و منداڵ و پیر و گەنج و هتد هاوشێوەی تاوانی هۆلۆکۆستە، تا ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ئاستەی بەشێک لە لێکۆڵەران وای بۆدەچن حکومەتی عیراق و بەعس سوودیان لە حکومەتی نازی ئەڵمانیا لە جینۆسایدی جولەکە «هۆڵۆکۆست» وەرگرتبێت.

### نموونەی لێکچوو لە نێوان هۆڵۆکۆست و ئەنفالدا

**یەکەم**، سەرکردەی نازی «ئەدۆلف ئیخمان adolf Eichmann» خاوەنی بیرۆکەی «چارەسەری کۆتایی» بۆ یەهودییەکان و جینۆسایدکردنیان.

**دووەم**، عەلی حەسەن مەجید خاوەنی بیرۆکە و پلانی لەناوبردن و جینۆسایدکردنی کورد لە هەشت قۆناغی پەلاماری یەک لە دوای یەک.

**سێیەم**، دروستکردنی سەربازگە لەلایەن نازییەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی یەهودییەکان لە ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی ترەوە و دواتر جینۆسایدکردنیان.

**چوارەم**، کۆکردنەوەی خەڵک لە هەریەکێک لە قۆناغەکانی پەلامارەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە قەڵا سەربازییە گەورەکان و دواتر زیندەبەچاڵ کردنیان.

**پێنجەم**، جیاکردنەوەی منداڵ و مێرد منداڵ لە نێو خانەوادەی یەهودییەکان و دواتر کوشتن و لەناوبردنیان.

**شەشەم**، جیاکردنەوەی منداڵ و مێردمنداڵ لە پەلامارەکانی ئەنفال لە نێو خێزانە کوردەکان و دواتر کوشتن و لەناوبردن و زیندە بەچاڵکردنیان.

**حەوتەم**، دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی یەهودییەکان لەلایەن سوپای حکومەتی نازی ئەڵمانیاو بردن و تاڵانکردنی لە «پارە، زێڕ، زیو، ئۆتۆمبێل، موڵک و ماڵ» و هتد.

**هەشتەم**، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی جۆراوجۆری کورد لە «پارە، زێڕ، دانەوێڵە، تراکتۆر، ئۆتۆمبێل» و هتد لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقەوە.

**نۆیەم**؛ برسیکردن و ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی لە دژی یەهودییەکان لەلایەن نازییەکانەوە.

**دەیەم**؛ برسیکردن و ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی لە دژی کوردە ئەنفالکراوەکان لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقەوە.

**یانزەیەم**؛ بە کۆمەڵکوشتن و دواتر سووتاندنی تەرمەکانی یەهودییەکان لە لایەن نازییەکانەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە.

**دوانزەیەم**؛ کوشتنی بە کۆمەڵی کورد لە پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفال و داپۆشینیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان.

**سیانزەیەم**؛ دەستدرێژیی سیکسی بۆ سەر ژنان و کچانی یەهودی لەلایەن نازییەکانەوە و ئیغتسابکردنیان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە.

**چواردەیەم**؛ دەستدرێژیی سیکسی بۆ سەر کچان و ژنانی کورد لە پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفالدا لەلایەن سوپای عیراق و بەعسییەکان و ئیغتسابکردنیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە.

**پانزەیەم**؛ حەڵاڵکردنی سەروماڵی یەهودییەکان بۆ نازییەکان لە پەلامار و شاڵاوەکانیان بۆ سەریان.

**شانزەیەم**؛ حەڵاڵکردنی سەروماڵی کورد لە پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفالدا بۆ سەر کورد بۆ عەرەب و بەعسییەکان.

**حەڤدەیەم**؛ تاقیکردنەوەی مەوادی کیمیایی لەسەر یەهودییەکان لەلایەن نازییەکانەوە.

**هەژدەیەم**؛ تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقەوە لە پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفال دژبە کورد.

**نۆزدەیەم**؛ سەودای دوور لە بەها مرۆییەکان لەگەڵ ژنان و کچانی یەهودی لەلایەن نازییەکانەوە، لەکاتی پەلامار و شاڵاوەکاندا بۆ سەریان.

بیستەم، سەودای نامرۆڤانە و کڕین و فرۆشتن بە ئافرەتی کورد لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقەوە لە پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

## سەرنجی کۆتایی

نازییەکان لە تاوانی هۆلۆکۆستدا، پشتیان بە ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستیی ئەڵمانی بەستبوو، کە بەرەچەڵەک دەچنەوە سەر ڕەگەزی ئاری، کە پێچەوانەکەی ئەمە یەهودییەکان ناچنەوە سەر ڕەگەزی ئاری، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە لەناوبردنیان کارێکی پێویستە و دەبێت یەک و دووی لێ نەکەن. بە هەمان تێز و لەکات و شوێنێکی جیاوازدا، حزبی بەعسی فاشی دێت لەژێر ناو و ناونیشانی «امه الواحده» و «الرساله الخالده» و لەسەر بنەمای خاکی عەرەب بۆ عەرەب لە «من محیگ الی خلیج»و ئەوەی نایەوێ ببێتە عەرەب با بگەڕێتەوە بۆ پشت چیاکانی تۆرۆس، سەرنج بدە چۆن دوو ئاراستەی فەلسەفی و فیکری و سیاسی ڕەگەزپەرست بۆ کردنی تاوانێک لە کۆتایدا دەچنەوە سەریەک و لە ناوەڕۆکدا یەکتریی تەواودەکەن.

لە نێوان فەلسەفەی ڕەگەزپەرستی نازییەکان لە ئەڵمانیا و بەعسییەکان لە عیراقدا، زۆر ئاراستەی یەکانگیر و هاوبەش هەیە، لەوانە «فەلسەفە، فیکر، سیاسەت، تایبەتمەندیی ڕەگەزپەرستی، پلان و بەرنامەی کوشتن و لەناودان، کردنی تاوان، گرتنی بەکۆمەڵ، کوشتنی بەکۆمەڵ، تاڵانی سەروەت و سامان، قبوڵنەکردنی ڕەگەزی جیاواز، ئایین و ئاینزای جیاواز، سەرکردە و حزبی لێکچوو، سەدام و هیتلەر، هیلمەر و عەلی حەسەن مەجید» و هتد هەموو ئەمانە ئاراستە یەکانگیرەکانی هەردوو تاوانی هۆلۆکۆست دژی یەهودییەکان لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیای نازی و تاوان و پەلامارەکانی ئەنفال «جینۆساید» لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقەوە دژبە کورد پێکدەهێنن و لەکۆتاییشدا، لە دووکات و سەردەمی جیاوازەوە دەبنە تەواوکەری یەکتریی و جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید.

### سەرچاوەکانی ئەم باسە:

١- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، دکتۆر مارف، چاپی پێنجەم، هەولێر ٢٠١٠.

٢- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد «ئامار، داتا، پشکنین»، سلێمانی، ٢٠١٤.

٣- محمد حمه صالح توفیق، دراسة اوجه الشبه بین جینوساید الکورد والهنود الحمر والهولوکوست النازي، ٢٠٠٨،

سلیمانیة .
4 – www.ar.wikipedia.org
٥- دوو سەردانی مەیدانی بۆ ئاوشتفیێتر لە پۆلۆنیا، ٢٠١٠ و ٢٠١٥.
٦- سەردانی مەیدانی بۆ ئەڵمانیا «میونشن - داخاو» مۆزەخانەی هۆلۆکۆست.
٧- بەڵگەنامەکانی دۆسیێی تاوانی ئەنفال، لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، «٤٣» فایل ٢٠٠٦ بۆ کۆتایی ٢٠٠٧.
٨- تەها سلێمان ، لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە «دۆسیێی ئەنفال»، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.
٩- ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، وەرگێڕان: مەحمەد حمە ساڵەح تۆفیق، جینۆسایدی لە عیراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، چاپی سێیەم، سلێمانی.
١٠- الانفال، قرار محکمة ، اشراف و اعداد، الحقوقي بهزاد على ادم، الطبعة الاولى، ٢٠١٤.
١١- عومەر محەمەد، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، سلێمانی.
١٢- چنار نامق، جینۆساید و ئەنفالی کورد، کەرکوک، ٢٠١٢، چاپی یەکەم.
١٣- القبور الجماعیة ، و مآسیها في العراق، القاضي طه بابان ٢٠١٣ سلیمانی.
١٤- ئەرشیفی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**تێبینی:**

تا ئێستا ٢٢ی شوبات ١٩٨٨ بە مێژووی دەستپێکی شاڵاوەکانی قۆناغی یەکەمی ئەنفال دیاریکراوە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامە پشڕاستکراوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق و ئەو بەڵگەنامانەی بەردەست کەوتوون، مێژووی دەستپێکردنی شاڵاوەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو مێژووە و لە ٩ - ٢ - ١٩٨٨ تا ٢٣ - ٣ - ١٩٨٨ی خایاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠٢١

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کورد - ئەپریلی ٢٠٢١ی زایینی




سەرچاوە
Serchawe